ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
105
25 ی ئازار/ مارسی 2025



## کارەبای ٢٤ کاتژمێری و بازرگانەکانی کوردایەتی!

کێشەی کارەبا، وەکو چەندین کێشەی دیکە، لەگەڵ دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا دەستی پێکرد. لەماوەی زیاتر لە سێ دەیەدا، دەسەڵاتی ملیشیایی بۆرژوازی کورد، نەیتوانی کێشەی نەبوون و کەمی کارەبا چارەسەر بکات، بەڵام توانی هەر لەوماوەیەدا چەندین ملیاردێر و سەدان ملیۆنەری دۆلار لە بەرپرسانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان و بازرگان و خاوەن کۆمپانیاکانی نزیک لە دەسەڵات، لەسەر حسابی دەستبەسەراگرتنی قووتی هاوڵاتیانی کوردستان، پێبگەیەنێت!

بێگومان دابینکردنی کارەبا و باقی خزمەتگوزاریە شارستانیەکان بۆ هاوڵاتیان، بەر لە هەموو کەسێک بەرپرسیارێتی دەوڵەت و حکومەتە. ئەوەی کە چۆنی دابین دەکات کێشەی ئەو حکومەت و دەسەڵاتەیە کە خۆی وەکو نوێنەرو فەرمانڕەوای

بۆ لاپەڕە ٢



## تورکیا.. شەپۆلێک لەخۆپیشاندانی خەڵک یەخەی حکومەتەکەی ئۆردوگان دەگرێ!

گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزب

بۆ لاپەڕە ٣



## خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەی کورد و پەیامی ئۆجەلان

ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەڕە ٦



## ئایندەی شەڕی غەززە!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٩



## شوراکانی کوردستان بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی جیاواز لە بزوتنەوەی کوردایەتی!

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١١

لە لێواری پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا عوسمانی حاجی مارف .... لاپەڕە ١٤
لە پەراوێزی تاوانە خۆیناویەکەی گوندی گرێزەدا! دەشتی جەمال..... دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی.........کارەبای ٢٤ کاتژمێری و بازرگانەکانی کوردایەتی!

کۆمەڵگا ناوزەد دەکات. ئەگەر نا ئەوا ئیتر جێگایەک بۆ شتێک نامێنێتەوە کە ناوی حکومەت و دەوڵەت بێت، تەنانەت لە شێوازە هەرە لیبراڵەکەشیدا کە دەوڵەت کەمترین بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەکانی هاوڵاتیان هەڵدەگری!

حکومەتی هەرێم، کە لەراستیدا دەسەڵاتی دوو حزبی میلیشاییە بە دوو ناوچەی دەسەڵات و نفوزی سەربەخۆوە، لەماوەی دەسەڵاتیاندا ئەو خزمەتگوزاریە گشتیانەی کە لە رابردوودا هەبووە، لە بواری خوێندن، خزمەتگوزاری تەندروستی و پزیشکی، ڕێگاوبان، ئاو و کارەبا، سوتەمەنی، خزمەتگوزاری شارەوانی و تاد. نەک بەپێی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان و لەگەڵ گەشەی دانیشتوان و زیادبوونی خواست بۆ خزمەتگوزاریەکان پەرەیان پێنەداون، بەڵکو بەرەو پوکانەوە و نەمانیان بردوون! بەڵام هاوکات هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەیان سپاردووە بە بازار و بوونەتە سەرچاوەی دابینکردنی داهات و قازانجێکی زۆر بۆ کۆمپانیاکانی حزب و بەرپرسەکان و سەرمایەدارانی نزیک لە حزبە دەسەڵاتدارەکان!

کێشەی کارەبا وەکو یەکێک لە خزمەتگوزاریە هەرە پێویستە شارستانیەکان، لەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی رابردوودا، هەمیشە یەکێک بووە لە کێشە سەرەکیەکانی خەڵکی کوردستان. هیچ کاتێک حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە کارەبای نیشتمانی بەپێی پێویست بۆ هاوڵاتیان دابین بکات. لە باشترین حاڵەتدا وەزیری کارەبا شانازی بەوەوە دەکات کە توانیویانە ٨ تا ١٠ یاخود ١٢ کاتژمێر کارەبای نیشتمانی( یاخود حکومی) دابین بکەن. بەناچاری هاوڵاتیانی کوردستان بۆئەوەی بتوانن کاتێکی زیاتر کارەبایان هەبێت، پەنایان بۆ بەکارهێنانی مولیدە ئەهلیەکان بردوە کە ئەویش بە نرخێکی زۆر گران لەسەریان کەوتوەو نەیانتوانیوە بەپێی پێویستیش کاروبارەکانی خۆیانی پێ ئەنجام بدەن! ئەوە سەرەرای ئەو هەموو دوکەڵ و دەنگەدەنگەی کە زیانی گەورەی بۆسەر تەندروستی و ئیسراحەتی هاوڵاتیان هەیە!

دوای ئەم هەموو ساڵانە، تازە حکومەتی هەرێم بەرنامەی ئەوەی هەیە کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ خەڵک دابین بکات! بەڵام چۆن؟

حکومەتی هەرێم وەکو بازرگانیکی چاوچنۆک سەیری ئەم پرۆژەیە دەکات کە دەیەوێ زۆرترین قازانجی لێبەدەست بهێنێت. حکومەت ئامانجی دابینکردنی خزمەتگوزاری نیە بۆ خەڵک، بەڵکو بەدەستهێنانی زۆرترین قازانجە لە پێشکەشکردنی ئەم کاڵایە بە هاوڵاتیان! حکومەت دۆخی بێزاری خەڵک لە کارەبابڕان و گرانی نرخی کارەبای مولیدەو کێشە و گرفتەکانی بەکاردەهێنێ بۆئەوەی ئەم کاڵایەی خۆی، واتە کارەبای ٢٤ کاتژمێری، لای خەڵک خۆشەویست بکات و بەنرخێکی خەیاڵی بە هاوڵاتیانی بفرۆشێتەوە. ئەو نرخەی کە حکومەتی هەرێم ڕایگەیاندوە زیاتر لە (٥) ئەوەندەی ئەو نرخەی ئێستای کارەبای نیشتمانیە! ئەگەر ئەم نرخە جێگیربکرێت و بچێتەبواری جێبەجێکردنەوە، ئەوا هاوڵاتیانی کوردستان زۆر زیاتر لەو پارەیەی دەیدەن بە مولیدە ئەهلیەکان، دەبێ لەمەودوا بیدەن بە حکومەتی هەرێم، ئەگەر بیانەوێ بەپێی پێویست کارەبا بەکاربهێنن، ئەگەرنا دەبێ کەمترین ئامێری کارەبایی ئیش پێبکەن تا نرخەکەی لەنرخی ئێستای مولیدەکان زیاتر نەبێ!

بێگومان دابینکردنی کارەبای٢٤ کاتژمێری هەم خواست و هەم پێداویستیەکی زۆر گرنگی هاوڵاتیانی کوردستانە و هەم مافێکی شارستانیشە کە دەبێ حکومەت دەستبەری بکات. بەڵام گرانکردنی نرخی کارەبا لەسەر خەڵک بە بیانووی چارەسەرکردنی کێشەی کارەباو نەهێشتنی کارەبای مولیدەو دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری، نابێ بەهیچ شێوەیەک قبوڵ بکرێ. هەموو پێداویستیەکانی دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری لە سوتەمەنی و سەرچاوەی دارایی بۆ ئامێرو کەرەستەو توانایە مرۆییەکانی لەداهاتی گشتیەوە دابین دەکرێ، نەک لە گیرفانی بەرپرسە چاوچنۆکە گیرفان پڕنەبوەکانی دەسەڵات و حکومەتەوە. بۆیە دەکرێ بەهەمان ئەو نرخەی ئێستا، کارەبای ٢٤ کاتژمێری دەستەبەربکرێت! ئەوە مافێکی سەرەتایی هاوڵاتیانە و ئەرکێکی سەرەکی و مەبدەئی حکومەتیشە، ئەگەرنا ئەوە بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ لێسەندنەوەی پێناسەی حکومەت لێیان!

★

ئۆکتۆبەر
ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
سەرنوسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# تورکیا.. شەپۆلێک لەخۆپیشاندانی خەڵک یەخەی حکومەتەکەی ئۆردوگان دەگرێ!

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەوسایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**ئۆکتۆبەر: بەدوای دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانی ئەستنەبوڵ، ئەکرەم ئیمام ئۆغلو، شەپۆلێک لەخۆپیشاندانی خەڵک لەناوەندی شاری ئەستەنبول وهەندێک شاری تر یەخەی بەحکومەتەکەی ئۆردوگان گرتوە کە تائیستاش کەم تا زۆر درێژەی هەیە... چوارچیوە و هۆکارەکانی ئەم خۆپیشاندان و نارەزایەتیەی خەڵک لەکوێوە سەرچاوەدەگرێ؟ واتە خویندنەوەی ئیوە بۆ ئەم دۆخە چیە؟**

خەسرەو سایە: هەروەک لەپرسیارەکەی ئێوەشدا هاتووە، ئەم خۆپیشاندانانە بەدوای دەستگیرکردنی سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵ، ئەکرەم ئیمام ئۆغلو، لەلایەن هیزە ئەمنیەکانی تورکیاوەو لەسەر بانگەوازی پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە)، بۆ نارەزایەتی دەربڕین سەبارەت بەم بریارە، سەری هەڵداوە. بەم مانایەش خۆپیشاندانەکان لەچوارچیوەی کێشمەکێش و فشارەکانی دەسەلات و وەلامی ئۆپۆزسیۆندا، شکڵیگرتوە و لەئەنجامیشدا نارەزایەتی خەڵکی لەچەند شارێکدا لیکەوتۆتەوە و هاوکات حیزب ولایەنەکانی ڕاکێشاوەتە نیو ئەم کێشمەکێشەوە. بەواتایەکی تر چوارچێوەی ئەم خۆپیشاندانانە، لەدرێژەی کێشمەکیشی نیوان دەسەلات و لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان، کەپارتی گەلی کۆماری، هێزی سەرەکیە، سەریهەڵداوە، بەتایبەتیش لەدۆخێکدا کە مەسەلەی ئینتخاباتی ئایندەو خۆئامادەکردنیان بۆتە خاڵیکی ڕووبەڕوبونەوە.

لەسەریکی ئەم کێشمەکێشەدا، ئۆردوگان و حیزبەکەی (ئاکپارتی) ڕاوەستاوە، کە دەیەوێت بۆ بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار و درێژەدان بەدەسەڵاتی تاقانەی چەند ساڵەی، ملی ڕکەبەرەکانی لەئێستاوە بشکێنی و لەمەیدانی هەلبژاردنەکاندا بیانکاتەدەرەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەهەڵبژاردنەکانی پێشووتردا، سالی ٢٠٢٣، ئۆردوگان لەرکەبەریەکی توندداو بەدوای دوو دەورە لەدەنگدان توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنی. هاوکات ئەوەی کە لە ڕاپرسیەکانی تائێستاوە ئاشکرا بوە، هاتنەخوارەوەی نفوزی جەماوەری ئوردوگانە، ئەمەش بەهۆی خراپی باری ئابوری و زیادبونی هەژاری و بێکاری و سیاسەتی سەرکوت و توندکردنەوەی کۆنەپەرستی ئیسلامی لەناوخۆدا و ڕاکێشانی کۆمەلگای تورکیا بۆنیو گێژاوە سیاسی و سەربازیەکانی ناوچەکە، نیگەرانی و نارەزایەتی لەنیو خەڵک و دەنگدەراندا لەدژی دەسەڵات برەوپێداوە.

لەسەرێکی تریشەوە، ئۆپۆزسیۆن و پارتی گەلی کۆماری و هاوپەیمانەکانی راوەستاون، کە بەدوای بەدەستهێنانی سەرکەوتنیکی گەورە و شکستپێهێنانی کاندیدەکانی ئاکپارتی، لەهەڵبژاردنی شارەوانیەکاندا، بانگەواز بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە دەکەن. بەتایبەتیش پاش ئەوەی کە ئەکرەم ئیمام ئۆغلو، لەناکۆکیە ناوخۆییەکانی پارتی گەلی کۆماریدا، وەک کاندیدی پۆستی سەرۆک کۆمار، دیاریکرا. بەمجۆرە دەتوانم بڵێم خۆپیشاندانەکانی ئەم دەورەیە، بەپێچەوانەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی مەیدانی تەقسیم و پارکی گرۆزنی، لەچوارچیوەی کێشمەکێشەکانی نیوان دوو باڵی بۆرژوازی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن، لەسەر داهاتوی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٨دا سەریهەڵداوە، کە دیارە بەدەرنیە لەو دۆخە قەیرانگرتوە ئابوری و سیاسیەی کۆمەلگای تورکیا، پیێدا تیپەڕدەبێ.

**ئۆکتۆبەر: بەلام هاوڕی خەسرەو بۆچی لەم کاتەدا کەهێشتا ماوەیەکی زۆری ماوە زۆر ماوە بۆ هەڵبژاردنەکان، دەسەڵات دەست بۆ دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغلو دەبات؟ ئایا ئەم هەنگاوە هیچ پەیوەندیەک لەگەڵ پرۆسەی ئاشتی و بانگەوازەکەی ئۆجەلاندا، پەیدادەکات؟**

خەسرەوسایە: سەرەتا ئەوە بلێم کە ئۆردوغان ئەوە دەزانێت کە لەناو بەرەی ئۆزسیۆن بەگشتی و لەنێو پارتی گەلی کۆماریدا بەتایبەتی، هیچ کاندیدێک بەقەد ئیمام ئۆغلو ڕکەبەرێکی بەهێز و کاندیدیکی بەنفوزی جەماوەری نیە، کە تائێستا سێجار توانیویەتی زۆرترین دەنگ لە گەورەترین شارەوانی تورکیا کە ئەستنەبولە بەدەستبهێنێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەرخۆشی وتویەتی" پۆستی سەرۆک کۆمار، لەڕێگای بردنەوەی سەرۆکی شارەوانی ئەستەنبوڵەوە بەدەستدێت". هەربۆیە بەنیشانەگرتنی ئیمام ئۆغلو و وەدەرنانی، یەک ئامانجی دەستبەجێیە. بەلام ئەوەی بۆ لەئێستادا کەزۆری ماوە بۆهەڵبژاردن، ئۆردوگان دەست بۆئەم کارە دەبات، بەبروای من بابەتەکە گرێدەخوا لەگەڵ پەیامەکەی ئۆجەلان و ئەوەی ناویان ناوە "پرۆسەی ئاشتی". واتە دەمەوێت بلێم ئوردگان بەهەرجۆرێک بێت ئامادەیی دەربڕیوە لەگەڵ پەکەکا سولح و ڕیکەوتنێک بکاو وا نیشانبدات کەکێشەی کورد لەتورکیا چارەسەر دەکات و مافەکان بەکورد دەدات!. ئەم سیاسەتەی ئۆردوگان، جگە لەوەی خۆشخەیالیەکی گەورەی لەنیو دەنگدەرانی کوردا پێکهێناوە، ئەحزابەکانی وەک "دەم پارتی"و "پارتی گەلی دیموکراتی"، کە دوو پارتی هاوپەیمانی "جەهەپە"ن، خستۆتە حالەتێکی چاوەروانیەوە و ناتوانن وەک پێش پەیامەکەی ئۆجەلان، لەدژی دەسەلات رابوەستن. هەلویستەکەی دەم پارتی لەبەرامبەر دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغلودا، بەڕۆشنی ئەوەی پیوەدیارە، کە تێڕاماون لەنیوان مانەوە لەسەر سیاسەتی ئاشتیکردن و ڕێکەوتن لەگەڵ ئوردوگاندا، یان درێژەدان بە پشتگیریکردنی جەهەپە و ئۆپۆزسیۆن لەدژی ئۆردوگان! کەدیارە ئەمەی دواتر مەسەلەی ڕیکەوتنی پەکەکا و دەسەلات دەخاتە غەرغەرەوە. بۆیە ئۆردوگان دۆخەکەی ناسیوە و نایەویت فرسەت لەدەست بداو هەولەکانی بۆ

⇦

بەدەستهێنانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار دوابخات بۆ کاتێکی تر.

**ئۆکتۆبەر: بەرپرسانی تورکیا بەگشتی و وەزیری ناوخۆی تورکیا، بەتایبەتی واباس دەکەن کە دەستگیرکردنی ئیمام ئۆغلو بەهۆی مەلەفی فەساد و تیرۆرەوەیە، تەنانەت دەڵین دەستگیرکردنەکە هیچ پەیوەندیکی بەئۆردوگان و بڕیاری حکومەتەوە نیەو پۆلیس لەسەر بڕیاری لێپێچینەوەی دادگا، سەربەخۆ لەسیاسەت و لەسەر شکاتنامەیەکەوە ئەم کارەی ئەنجامداوە کە لەلایەن کەسایەتیەکی ناو خودی جەهەپەوە پێشکەش بەدادگا کراوە.. ئێوە لەسەر ئەم قسانە دەڵین چی؟ ئایا پێتان وانیە ئەم قسانە پاساوێک بن بۆ سەرکوتی ئۆپۆزسیۆن؟**

خەسرەو سایە: ڕۆشنە کە دەستگیرکردنەکەی ئیمام ئوغلو سیاسیە، تا بابەتێکی یاسایی. ئاکپارتی و دەسەلاتەکەی ئۆردوگان، کە بەدوای کۆدەتا سەربازیەکەی سالیٚ ٢٠١٦ دا، سیاسەتی توندکردنەوەی سەرکوت وکۆنەپەرستی بەدەستەوەگرتوە، تا لەڕیگای حەزفکردن و وەلانانی نەیارانی خۆیەوە پێگەی دەسەلاتەکەی رابگریٚ، جگە لەوەی بەردەوام پەلاماری نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خویندکاران و ژنان وسەندیکا کرێکاریەکان و ڕۆژنامەنوسانی داوەو تاهاتوە ئازادیەکانی سنوردارکردوە، هاوکات لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیشی بەپاساوی جۆراوجۆر سەرکوتکردوە، لەوانە گروپەکەی فەتحولاٚ گویلەن، جەهەپە و دەمپارتی و حیزبەکەی سەلاحەدین دەمیرتاش.. تەنانەت پەیڕەویکردن لەسیاسەتی "قەیوم" لەبەرامبەر سەرۆکی شارەوانیەکان لەشارە کوردیەکاندا، بەپاساوی تیرۆر و خودی زیندانکیردنی دەمیرتاش، نمونەیەکی هەرئەم سیاسەتەیە. لەمەش زیاتر ئۆردوگان لەناوخۆی حیزبەکەی خۆشیدا، سیاسەتی پاکتاوکردنی گرتۆتەبەر، دەرپەراندنی ئەحمەد داود ئۆغلو، عەلی باباجان، عبدللە گویل و بەم دواییانەش وەزیری ئابوری حکومەت.. بەپاساوی جۆراوجۆر بەئامانجی سەرکوتی نەیاران و تەختکردنی ڕیگای مانەوەی خۆیەتی لەسەر دەسەلات.

بەلام پاساوی تیرۆرو فەساد، کە ئۆردوگان و دەسەلاتەکەی بۆ زیندانیکردنی ئیمام ئۆغلو پەنای بۆبردوە، لەهەموو کەس و لایەنێک زیاتر یەخەی خۆی و حوکمەتەکەی دەگریٚ، واتە ئەوە دەسەلاتە کە هەم لەفەساددا غەرقەو هەم دەستی تیرۆری نەک هەر لەناوخۆی تورکیادا، بەلکو لەکوردستانی عیراقیشدا بۆسەر نەیارانی درێژکردوە. بێگومان هەموو دەسەلاتێکی بۆرژوازی، پاساوێکی هەیە بۆسەرکوتی نەیارانی خۆی و بەبیٚ ئەمە ناتوانیٚ پێگەی خۆی ڕابگریٚ. خودی رەدکردنەوەی تۆمەتی تیرۆری ئیمام ئۆغلۆ لەلایەن دادگای تورکیاوە بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆدەرخستنی ئەوەی کە لەبەرامبەر ئیمام ئوغلودا کراوە کردەیەکی سیاسی و راستەوخۆ سەرکوتگەرانەیە و هیچ پاساویک هەڵناگریٚ.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە لەقسەکانی پێشتردا وتتان کە ئەم خۆپیشاندانانە لەچوارچیوەی کێشمەکێشی نیوان دەسەلات و ئۆپۆزسیۆندا سەریهەڵداوە، بەلام خۆپیشاندانەکان جەماوەرێکی زۆر بەشداریان تێداکردوەو چەندین ئەحزابی چەپ و سەندیکای کرێکاری تێیدا بەشدارن. لەم دیاردەیە چۆن دەروانن؟**

خەسرەو سایە: بەپێچەوانەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی "تەقسیم" کە لە سەروبەندی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیدا شکلیان گرت، تەنانەت بەپێچەوانەی خۆپیشاندانەکانی"پارکی گرۆزنی" و سەندیکا کریکاریەکان و ژنان وخویندکارانی زانکۆوە، کە لەسالاٚنی رابردوودا، راستەوخۆ لەلایەن جەماوەر خۆیانەوە، لەدژی سیاسەتەکانی دەسەلات، بۆ ئازادی و باشکردنی دۆخی کارو ژیان و مافەکانیان، سەری هەڵدا، ئەم خۆپێشاندانانەی ئیستا چوارچیوەیەکی تریان هەیە کە پێشتر ئاماژەم پێکرد. واتە لەدرێژەی کێشمەکێشەکانی نیوان دووبەرەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆندایە کە لە رکەبەریدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەلات و پۆستی سەرۆک کۆمار لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوی تورکیادا. بەشداری ژمارەیەکی فراوان لەخەلک و لایەنی چەپ هیچ لەو راستیە ناگۆڕیٚ کە ئەم خۆپیشاندانە، بزوتنەوەیەکی راستەوخۆ و سەربەخۆی جەماوەری بۆ خواستەکانیان نیە و لە فەزایەکدا سەری هەڵداوە کە کێشمەکێشی نیوان دەسەلات و ئۆپۆزسیۆن فرسەتی داوە بەوەی کە خەڵک تورەیی و نەفرەتی خۆی لەبەرامبەر بەدەسەلاتدا دەرببڕیت. واتە دەمەوێت بڵێم کە خەڵکی تورکیا لەژێر گوشاری سەختی هەژاری و بیکاری و گرانیدایە و نارازی و تورەیەو لەهەر دەرفەتێک دەگەڕێت، ئەم تورەیی و نەفرەتیە بهێنیتە مەیدانەوە، بەبیٚ گوێدانە ئەوەی کە تاچەند ئەم خۆپێشاندانانە ڕووی لەخواست و داواکاری ئەوانە و بەرژەوەندیەکانیان بەدیدێنێت. بەشداری "حیزبە چەپەکان"یش، لەم راستیە بەدەرنیەو ئەوانیش ناچارن لەپاشکۆی ڕوداوەکان و ململانیی نیوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەلاتدا، لەخۆپیشاندانەکاندا بەشداری بکەن.

**ئۆکتۆبەر: بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە هەرجۆرە پاشەکشەیەک بە ئۆردوگان لەم ململانێیەدا زەربەیەک لە ئیسلامی ئیخوانی سەر بە تورکیا دەدات لە ناوچەکەو لەو کوردستانیشدا، کە ئەمە لایەنێکی ئەرێنی ئەو روداوانەیە، ئێوە لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا هاوڕان؟ بەواتایەکیتر ئایە ئەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانانە لەچوارچیوەی کێشمەکێشی ئیسلامی و عەلمانیدایە؟**

خەسرەو سایە: بێگومان تورکیا کۆمەلگایەکی سکولارەو ڕەوتی سکولاریزم بەهێزەو دەسەلاتەکەی ئۆردوگان بە ئایدیۆلۆژی ئیسلامی- ئیخوانیەوە، لەزگەیەکە بەژیانی مەدەنی و سکولاریستی خەلکی تورکیاوە، بۆیە هەر جولەیەکی جەماوەری باسی سکولاریزم و ئیسلام دەهێنیتە پێشەوە. هاوکات هەرجۆرە پاشەکشەیەک بەئوردوگان و دەسەلاتەکەی بەقازانجی لاوازبونی ڕەوتی ئیسلامی سیاسیە هەم لەتورکیاو هەم لەناوچەکەو کوردستانیش، من لەگەڵ ئەمە هاوڕام. بەلام مەسەلەی سەرەکی خوپیشاندانەکانی ئێستا و ئەوەی کۆمەلگای هێناوەتە سەرشەقام لەسەر ماهیەتی ئیسلامیبونی دەسەلات و سکولاریزم نیەو هیچ لایەکیش باس لە ململانێی نیوان ئیسلام و عەلمانیەت ناکات، واتە ئەوەی سەنتەرە ململانێی نیوان دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنە لەسەر

هەڵبژاردنی داهاتوو و پۆستی سەرۆک کۆمار. بەواتایەکی تر، بەڕای من ئەو بۆچونەی کە پێیوایە خۆپیشاندانەکانی ئێستا شەڕ و پێکدادانی نیوان دوو بەرەی ئیسلامی و عیلمانیە، مامەڵەیەکی ئایدیۆلۆژی لەگەڵ روداوەکانی ئێستا دەکات و دەیەوێت لەویستی خۆیەوە روداوەکان بخاتە خانەیەکەوە کە خۆی دەیەوێت، کە بێگومان لەئەنجامدا مامەڵەیەکی هەڵە لەگەڵ روداوەکانی ئێستادا دەکات.

**ئۆکتۆبەر: چۆن لە هەڵویستی حیزبە ناسیونالیستەکان لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر بەم روداو و خۆپیشاندانانەی تورکیا دەڕوانن؟ بەتایبەتی بەشێک لەرۆشنبیران پێیانوایە کە لە قازانجی کوردە؟**

خەسرەو سایە: بەگشتی حیزبە دەسەلاتدارەکانی هەریم رووداوەکانی ئێستای تورکیای لەچوارچێوەی بلاوکردنەوەی هەواڵەکاندا قەتیس کردوە، تەنانەت یەک ووشەش لەسەر مامەڵەی سەرکوتگەرانەی ئۆردوغان و ئەو پەلامارەی بۆسەر نەیارانی دەستی داوەتێ، نالێن. دیارە پارتی کەدۆستی ئۆردوگان و لەژێرسایەی سیاسەتەکانی تورکیادا لەناوچەکەدا مامەڵە دەکات، لەبەرژەوەندیدا نیە هەڵوێستێک وەربگرێ. یەکێتیش کە لەهەوڵدایە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ تورکیادا ئاسایی بکاتەوە دەست نابات بۆ هەڵویستێک کە دۆخەکە لەخۆی ئاڵۆز بکات. بۆیە هەردولایان فرسەتخوازن وخۆیان دەدزنەوە. ئەوەی دەمێنێتەوە قسە باو و بۆچونگەلێکە کە لە تورەکۆمەلایەتیەکان و لەلایەن رۆشنبیرانێکی ناسیونالیستەوە دەخرێتەروو کە بەبڕوای من لەدوو ئاراستەدا کۆدەبنەوە: یەکەمیان پێیانوایە ئەم روداوانەی ئێستا قۆرتێک لەبەردەم ئەو رێکەوتن و سولحەی نیوان پەکەکا و ئۆردوگاندا کەناوی نراوە "پرۆسەی ئاشتی" دروست دەکا!، ئەمانە کە چاویان لەم رێکەوتنە بریوە، ناتوانن راستەوخۆ و جدی لەدژی سیاسەتەکانی ئۆردوگان راوەستن. بەیانەکەی دەم پارتی و قسەوباسی نەورۆزی ئەمساڵیان لەئامەد، نیشان دادەت کە خۆپیشاندانەکانی ئێستا و زیندانیکردنی ئیمام ئۆغلو لاوەکیە و نایانەوێت نە ئوردوگان لەخۆیان زویر بکەن و نە دەستیان لەجەهەپەش بەربێت. ئاراستەیەکی تریش کە پێیوایە ئەم خۆپیشاندانانە بەقازانجی کوردە و گوایە ئۆردوغان دەروخێ و کورد بەمافەکانی دەگات!. ئاراستەیەکە کە روداوەکان لەچاوی کورد و کوردبونەوە دەبینێ. ئەمەش جگە لەوەی بۆچونێکی کورتبینەو راستیەکان بەقازانجی ناسیونالیزم لێکدەداتەوە و نابەرپرسیارانە قسەدەکا، بەلایەوە گرنگ نیە چ بەڵایەک بەسەر خەڵک و کۆمەڵگادا دێت. تەنانەت چاوی خۆی لەو راستیە دەنوقێنێت کە ئەگەر ئوردوگان بروا کێ دێتە سەرکار! لەکاتێکدا فاشیزمی تورکی و دژە کوردبون نەک هەر لەحیزبەکەی ئۆردوگاندا بەهێزە، بەڵکو لەرێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و ئەو حیزبەی کە ناوی جەهەپەیەو هاوپەیمانی دەم پارتیە، بەهێزە.. بەڕای من سیستەمی سیاسی و تورکیا بەوجۆرە کە هەیە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنیشەوە قەبوڵکراوە. ئوردگان بەخۆپیشاندانەکانی ئێستا ناڕوخێنێت. رەنگە لانی زۆر هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ و جەهەپە حکومەت بباتەوە، ئەمەش ئەو سیناریۆیە نیە کە کرێکاران وخەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش دەبێ خوازیاربین.

**ئۆکتۆبەر: وەک دوا پرسیار، هەڵویست لەدەستگیرکردنی ئیمام ئۆغلو دەبێ چی بێت؟ تاچەند ئەم خۆپیشاندانانە جێگای پشتیوانیە؟ ئایا ئەم خۆپیشاندانانە بەرەو روخانی ئۆردوگان ملدەنێت؟**

خەسرەو سایە: بەجیا لەوەی لەروانگەی منەوە ناوەرۆکی چینایەتی ئۆپۆزسیۆن و خودی ئیمام ئوغلو چیە و سەر بە چ بزوتنەوە و حیزبێکە، خودی دەستگیرکردنەکەی بەوجۆرەی دەستی بۆبراوە، دەبێ وەک کردەوەیەکی سەرکوتگەرانە و دژی ئازادی هەلسورانی سیاسی مەحکوم بکرێ. هەروەها دەبێ ئوردوگان و حکومەت و دادگا و دام و دەزگا قانونیەکەی لەقاوبدرێت وسەرکۆنە بکرێت تارادەی بەشکستکێشان و ئازادکردنی ئیمام ئۆغلو. واتە تا ئەو جێگایەی ئەم خۆپیشاندانانە ئەمە خواستیەتی جێگای پشتیوانیە، بەلام زیاتر لەمە و ئەوانەی دەیانەوێت بە راپەرین و بزوتنەوەی جەماوەری بۆ روخانی ئوردوگان بانگەشەی بۆ بکەن، لەڕاستیدا، یاری بە ژیان و چارەنوسی خەڵکی کرێکارو زەحمتکێشی تورکیاوە دەکەن و نابەرپرسانە بۆ بەرژەوەندی و بەقازانجی رەوتێکی تری بۆرژوازی دەیانەوێت خەڵک بکەنە وەسیلەی خۆیان. بەتایبەتی بڕیار نیە کرێکاران و زەحمەتکێشان وخەڵکی ئازادیخوازی تورکیا ببنە وەسیلەی گویزانەوەی دەسەلات لە ئۆردوگانەوە بۆ بەرەی ئۆپۆزسیۆن، کە لەناوەڕۆکدا، هەمان ناسنامەی چینایەتیان هەیە.

تا ئەو جێگەیەی بەبەشی ئاخری پرسیارەکە دەگەڕێتەوە، کە ئایا ئەم خۆپیشاندانانە بەرەو روخانی ئۆردوگان دەڕوات، لەڕاستیدا نە ئۆزگۆر ئۆزال سەرۆکی جەهەپە و نە سەرۆکی دەم پارتی و نەهیچ لایەنێکی ئۆپۆزسیۆن ئیدعایەکی لەم جۆرەیان نەکردوە. هەروەک وتم کە ئەم خۆپیشاندانانە لەچوارچێوەی ململانێی دوو لایەنەی دەسەلات و ئۆپۆزسیۆندایە لەسەر خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی هێز و نفوز بۆ هەلبژاردنی داهاتوو شکلی گرتوە، هەربۆیە باسی وەلانانی ئۆردوگان لەرێگای راپەرینێکی جەماوەریەوە وەک ئەوەی لەبەهاری عەرەبیدا، کە رژێمەکانی تونس ومیسری وەلانا، نییە. ئەمە کاری چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێشی تورکیایە، نەک ئۆپۆزسیۆنێک کە رابەری ئێستای خۆپیشاندانەکانی لەدەستدایە. لەسەرێکی تریشەوە بۆرژوازی تورکیاو حیزبەکانی سیستەمێکیان دامەزراندوە کە دەتوانن لەرێگای هەلبژاردنەوە دەستاودەستی دەسەلاتی پێبکەن و پێویستیان بەراپەرین وشۆرش و"بەهاری تورکی" نیە. هەربۆیە وەلانانی ئۆردوگان بۆ بەش وبالەکانی بۆرژوازی لەم رێگایەوە، واتە رێگای هەلبژاردن و دیموکراسی پەرلەمانی، حەتمیە. بەلام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە لەو راستیە بگەین ئەم رێگایەو ئەم ئاڵوگۆرەی دەسەلات، رێگای چینی کرێکار وجەماوەری نارازی تورکیا نیە.

★

# خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، مەسەلەی کورد و پەیامی ئۆجەلان

ڕێبوار ئەحمەد

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەیدانێکی گەرمی کێشمەکێشی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و جەمسەری شەرق و غەرب ودەوڵەتانی زلهێزی ناوچەکەیە، لەپێناو ئارایشدانەوە و دابەشکردنەوەی ناوچەی نفوز و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان. تا بەر لە ڕوخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد، ڕوسیا و ئیران پێگەیەکی بەهێزتریان هەبوو. ڕژێمی ئەسەد مێژوویەکی دوردرێژ بەشێک بوولە نفوزی جەمسەری شەرق و یەکێک لە پێگە گرنگەکانی جمهوری ئیسلامی، تا ڕۆژی ڕوخانەکەی سەنگێکی گەورەی هەبوو لە قورسکردنی جیگاوڕێگای ئەم جەمسەرە لە ناوچەکەدا. بەتایبەتی ڕۆڵیکی گەورەی هەبوو بۆ ئێران لە بەرامبەرکێ لەگەڵ زلهێزە ناوچەییەکانی وەکو تورکیا و ئیسرائیل و سعودیە لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا. ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد ئەم هاوکێشەیەی لەبەریەک هەڵوەشان. هەم جەمسەری ڕوسیا و هەم جمهوری ئیسلامی بەڕوخانی ئەسەد گورزێکی گەورەیان بەرکەوت. ئەم ڕژێمە هەم لەڕووی سیاسی و هەم لەڕوی ئابورییەوە جێگایەکی گرنگی هەبوو بە تایبەت بۆ ئێران و بەرژەوەندیەکانی.

ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد ئاڵوگۆڕێکی گەورەبوو لە ناوچەکەدا و باروودۆخێکی بەتەواوی تازەی هێنایە کایەوە. لە دڵی ئەو باروودۆخەدا سەرجەم دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و ناوچەکە کەوتنەخۆ بۆئەوەی لە ئارایشدانەوەی سیستەم و سەقامیری سیاسی بە قازانجی جوڵەی سەرمایە، بەشی خۆیان بەدەست بهێنن. ئەگەر ئێران و ڕوسیا دۆڕاوی ئەم ئاڵوگۆڕە بوون، لایەنی براوەش بەپلەی یەکەم تورکیا پاشان جەمسەری غەرب و ئەمریکا بوو. ڕوخانی ئەسەد دەرفەتێکی بۆ ئیسرائیلیش کردەوە تا لەچوارچێوەی بەرنامەی خۆی بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی تازە ئەسپی خۆی تاوبدات. بۆ ئەم مەبەستەش هەرزوو دەستی خۆی وەشاند، هەم ناوچەگەلێکی لە سوریا داگیرکرد و هەم گورزی کوشەندەی لە توانای ئابوری و سەربازی سوریا وەشاند. تورکیا بەوپێیەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی بوو لەڕوخاندنی ڕژێمی سوریا و پرچەککردن و هاوکاریکردنی پاشماوەکانی داعش و بەرەی نوسرە کە لەژێر ناوی" جەیشی تەحریری شام"دا خۆیان سازدایەوە، بەهەمان ڕادەش لەم دۆخە تازەیەدا لەچاو هەموو دەوڵەتانی دیکە بەشی زیاتری پێبراوە. تا ئەو ڕادەیەی کە بەدەر لەوەی بۆی مەیسەر دەبێت یان نا، خەون بە زیندوکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە ببینێ. ئەم مەسەلەیە بایەخێکی زۆری سیاسی و ئابوری هەیە بۆ تورکیا، بەتایبەت کە ئەم ڕژێمە لە ناوخۆی تورکیادا گرفتاری قەیرانی قورسی ئابوری و سیاسیە و دەیەوێ لە ڕێگای بەدەستهێنانی پێگەیەکی بەهێزەوە لە ناوچەکەدا، بەسەر قەیرانەکانیدا زاڵبێت یان لانی کەم کەمی بکاتەوە.

ئەمریکا و غەرب لەڕێگای دەرهێنانی سوپای تەحریری شام لە لیستی تیرۆر، کە لەڕاستیدا ئەڵگۆی داعشی غەرب پەسەندە، باوەشیان کردەوە بۆ پەیوەستبوونی سوریای نوێ و ڕژێمە تازەکەی ئەحمەد شەرع بە بلۆکی غەربەوە. هەرچەند ئەم پەیوەستبونە هێشتا نەبڕاوەتەوە و دەبێ ببینین ڕوداوەکان و کێشمەکێشەکان بەکوێ دەگەن. جمهوری ئیسلامی و ڕوسیاش هێشتا دەستیان لە سوریا نەشتوە و بەتەواویش دەستیان لە مەیدانی سیاسی و سەربازی سوریان نەبڕاوە. لەڕێگای هەوڵدان بۆ کەڵکوەرگرتن لە پاشماوەکانی ڕژێمی ئەسەد و ڕەوتە ئیسلامیەکانی دیکە و هێزە کوردیەکان و تەنانەت سازان لەگەڵ ڕژێمی ئەحمد شەرع، لە هەوڵدان دیسان جێپێیەک پەیدا بکەنەوە.

لە جەرگەی ئەم هەلومەرجە تازەیەی ناوچەکەدا مەسەلەی کورد جارێکی تر بەرجەستە بووە. زلهێزە ناوچەیی و جیهانیەکان دەیانەوێ مەسەلەی کورد و هێزە ناسیۆنالیستە کوردیەکان وەکو کارتێکی فشار و مەقاش بەکار بهێنن لە کێشمەکێش لەسەر بردنی بەشی زیاتر لە سیستەمی سیاسی تازەی ناوچەکەدا. دیارە بۆ هیچ یەک لەم دەوڵەتانە چارەسەری دادپەروەرانەی ئەم کێشەیە هیچ جێگایەکی نیە. بێگومان ئەوان مەبەستیان چارەسەری مەسەلەی کورد نیە و ئەم کێشەیە بەم پرۆژە و تەرحانە چارەسەر نابێت. ئەم کێشەیە بە ڕادەیەک قورس و ئاڵۆز بووە، کە لە ئامادەنەبونی ڕێگاچارەیەکی سۆسیالیستیدا، ڕێگاچارەی پێشڕەوانە و دادپەروەرانە لەو وڵاتانەدا ئەوەیە کە خەڵکی کوردزمان ئازاد و سەرپشک بکرێن بۆ بڕیاردان لەسەر جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ یان مانەوە لەگەڵ دەوڵەتانی مەرکەزیدا.

لەم بەرجەستەبونەوەیەی مەسەلەی کورددا حزبی بارزانی هەم بەپێی جێگە و پێگەی لە مەسەلەی کوردو هەم بەوپێیەی بووە بە دەستە ڕاستی دەوڵەتی

⟸

تورکیا وەکو زلهێزی مەیدانداری ناوچەکە، هەروەها هەسەدە وەکو هێزێک کە لە سوریای چەقی کێشمەکێشەکاندا سەنگ ورۆڵی هەیە، لە هێزە کوردیەکانی دیکە زیاتر بونەتە جێگای بایەخ و دەوڵەتانی ناوچەکە چاویان تێبڕیون. تورکیا کە بە خوێنی سەری هەسەدە وەکو لقی سوریای پەکەکە تینوە و بە بەربەستێکی دەزانی لەبەردەم چوونەپێشی پلانەکانی لە سوریا و هەمیشە پەلاماری داوە و هەوڵیداوە لەبەینی بەرێت، بەڵام دەزانێ لە هەلومەرجی ئێستادا لەبەینبردنی ئاسان نیە، بۆیە رازیە رژێمی تازەی سوریا ئەگەر بەشێوەی کاتی و تاکتیکیش بێت لەگەڵ هەسەدە رێکبکەوێت و بەمجۆرە ئیحتیوای بکەن. لەلایەکی ترەوە هەوڵیداوە لە ئۆجەلانی رابەری کاریزمای گشت نەریتی پەکەکە و لقەکانی بەناوی پرۆسەی ئاشتی کەڵک وەرگرێت و قورسایی کێشەی کورد و پەکەکە لەسەر قەیرانەکانی لابەرێت و دەستی ئاوەڵاتر بێت بۆ خەونی بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی و تورکیایەکی گەورەتر لە جوگرافیای تورکیا.

جمهوری ئیسلامیش هەرچۆن هەوڵیداوە ریاکارانە لە مەسەلەی فەلەستین کەڵک وەرگرێ دژی رەقیبەکانی و بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی خۆی، بەهەمان مەبەست دەیەوێ مەسەلەی کورد و هێزە ناسیۆنالیستەکان بەکاربەرێت. لەم رۆژانە مەراسیمێکی جمهوری ئیسلامی لە زانکۆی شاری سنە بە سرودی ئەی رەقیب دەستی پێکرد. هەوڵی بەهرەبەرداری ئەم رژێمە لە بەرجەستەبونەوەی مەسەلەی کورد تا ئەو رادەیە رۆیشتوە کە لەسەر سرودە بەناوبانگە نیشتمانی و پیرۆزەکەی ناسیۆنالیزمی کورد، پێشبڕکێ لەگەڵ هێزەکانی کوردایەتی دەکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا لە هەوڵدایە سەرنجی هەسەدە بۆ لای خۆی راکێشێت و ئامادەیی نیشانداوە هاوکاری ئەم هاوپەیمانەی ئەمریکای شەیتانی گەورە بکات لەپێناو کردنەوەی جێپێیەک لە مەیدانی سیاسی تازەی سوریادا.

پەیامی ئۆجەلان بۆ چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە لە جەرگەی هەلومەرجێکی بەم جۆرەدا مانا پەیدادەکات و هاتوەتە ئاراوە. بەشێک لەوانەی پەکەکە بە نوێنەری مافی خەڵکی کورد دەزانن، پەیامەکەی ئۆجەلان وەکو خیانەت و تەسلیمبوون بەرژێمی ئەردۆگان لێکدەدەنەوە. بەڵام پەکەکە نوێنەری مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵکی کورد نەبووە و نیە تا خیانەتی لێ بکات، بەڵکو وەکو هەر هێزێکی ناسیۆنالیستی دیکەی کورد مەسەلەی کورد و ستەمی میللی بەکارهێناوە بۆ ئامانجی شەریکبونەوە لە دەسەڵات و هەر لەم راستایەدا دەستی بۆ چەک برد. بەڵام خەباتە چەکداریەکەی زۆر دەمێکەیە بە بنبەست گەیشتوە. رۆژگارێک کە ئالای خەباتی چەکدارانەی هەڵگرد، ئابڵۆقەدانی شارەکان لەلایەن ئەو خەباتی چەکدارانەیەی لە دێهاتەوە بەرپاکرابوو، نەک هەر لە تورکیا و پارچەکانی تری کوردستان، بەڵگوزۆر جێگای دنیا مانا و جێگایەکی هەبوو. بەڵام لەوکاتەوە کە پەکەکە دەستی بە خەباتی چەکداری کردوە هەلومەرجەکە گۆڕانی گەورەی بەسەرداهاتوە.

پێشتر پەکەکە لەچوارچێوەی بلکۆبەندی شەرق و غەربدا لەبەرەی شەرق و روسیادا دژ بە تورکیای سەر بە غەرب و ئەندامی ناتۆ دەجەنگی، بەڵام ئێستا وەکو ئۆجەلان دانی پێداناوە کە دەیەوێ خۆی تێکەڵ بە باهۆزی دیموکراسی غەرب بکات و لە رووی ئایدیۆلۆژی و سیاسیەوە باسی کۆمەڵگەی دیموکراتیکی کردوە بەپاساوی تیۆری ئەو سەنگەر گواستنەوەیە. جگە لەمە دو فاکتۆری تریش کاریگەریان بووە بۆ لەسەر لەکارخستنی رۆڵی خەباتی چەکداری گەریلایی: یەکەم پەرەسەندی شارنشینی و گەورەبونەوەی لەرادەبەدری شارەکان و پەرەگرتنی خەباتی سیاسی و جەماوەری لە شارەکان و کاڵبونەوە و لاوازبونەوەی ژیانی دێهاتی و بەمپێیەش لاوازکردنی پێگەی ئەو خەباتە چەکداریەی پشتی بە دێهات بەستبوو. دوەم گەشەی لە رادەبەدەری تەکنۆلۆژیای جەنگی بوارێکی ئەوتۆی بۆ خەباتی گەریلایی و پێشمەرگایەتی نەهێشتوەتەوە. خەباتی چەکدارانەی پەکەکە دەمێکە نەک هەر بەبنبەست گەیشتوە، بگرە بوەتە خاڵی لاوازی ناسیۆنالیزمی کورد لەبەرامبەر دەوڵەتی تورکیادا. لەوخەباتەیدا زۆرتر خۆی کوشتار دەدات بەبێ ئەوەی بتوانێ خەسارەتێکی کاریگەر لە دوژمنەکەی بدات. لەلایەکی ترەوە بەهۆی ئەم خەباتە چەکداریەوە لە خەباتی سیاسی و جەماوەری مەیدانداری شارەکان بێبەری بووە.

ئۆجەلان و پەکەکە زۆر دەمێکە ئامادەی چەکدانان و دەستهەڵگرتن لە خەباتی چەکدارین بەومەرجەی بواری ئەوەیان پێبدرێت وەکو حزبێکی سیاسی کار و هەڵسوران بکەن. بەڵام دەوڵەتی تورکیا بەوەش رازی نەبوە. خەباتە چەکداریەکەیان تەنانەت نەیتوانی دەوڵەتی تورکیا رازی بکات بە تەسلیمبونەوەی پەکەکە و گەرانەوەی بۆ ناو شارەکان و بۆ خەباتی سیاسی. ئێستا دوای ئەوەی ئومێدێکیان نەماوە کە تورکیا تەنانەت لێبوردنێکی گشتیان بۆ دەرکات، وە لەکاتێکدا کە نەریتی پێرەو لە نەهجی ئۆجەلان حزبی سیاسی دیکەی لە شارەکاندا دامەزراندوە، ئیتر پەکەکە جگە لە چەکدانان و هەڵوەشانەوە رێگایەکی تری بۆ نەماوەتەوە. کۆتا داواکاری(نەک مەرج)ی پەکەکە لەبەرامبەر چەکدانان و خۆهەڵوەشانەوەدا ئازادکردنی ئۆجەلانە، ئەوەش دیار نیە کە بۆی مەیسەر دەبێت یان نا؟ لەراستیدا چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە فەزای شەڕ و شۆڕ و میلیتاریزمێک لە کۆڵ خەڵکی کوردستان دەکاتەوە کە جگە لە دەردەسەری هیچ سودیکی بۆ خەڵک نەبوو.

تا ئەو جێگایەی بە هەسەدە

دەگەڕێتەوە وەکو باڵی چەکداری پارتی یەکێتی دیموکرات(پەیەدە) و جێگە و پێگەی ئەمڕۆی لە هاوکێشەی سیاسی سوریا و ناوچەکەدا، بەگشتی وەکو بەشێک لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی و بورژوازی کورد، هەروەکو ناسیۆنالیستە کوردەکانی پارچەکانی تر ئامانجی شەریکبونەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسی لە پەراوێزی دەوڵەتی مەرکەزی سوریادا. ئەگەر ڕژێمی ئەسەد ئەم بەشداریەی بۆ مەیسەر بکردبایە دەمێک بوو لەگەڵی دەسازا. هەڵبەت نابێ چاوپۆشی لەوە بکرێت کە ئەم هێزە لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵی ڕابردودا لەپەیوەند بە چەند مەسەلەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی (ئیجابی) گێڕاوە. جەنگی لەدژی داعش جگە لە ڕاوەستانی قارەمانانە بەرامبەر ئەم هێزە درندەیە، بەکردەوە ڕێگای گرت لەوەی کارەساتی شەنگاڵ لەو ناوچانەدا دوبارە بێتەوە. هەروەها ڕادەیەک لە ئاسایش و ئارامی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بۆ هاوڵاتیان دابینکردوە، مەرسومێک کە لەپەیوەند بە مافەکانی ژنانەوە دەریکرد پێشڕەوانە و بێوێنە بوو لە هەموو ناوچەکەدا، بەرجەستە نەکردنەوەی ناسنامەی قەومی لە دەسەڵاتەکەیدا، ئەمانە بەرچاوترین ڕۆڵە ئەرێنیەکانین.

بەڵام ناکرێ لەم مەسەلانەوە ئەو ئەنجامە بگیرێت کە ئەم هێزە "پەیەدە یان هەسەدە"دەکەوێتە دەرەوەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی بورژوازی کوردەوە. تا ئەو ڕادەیەی کە هەندێکجار ئەزمونەکەیان بەراورد دەکرێت لەگەڵ کۆمۆنەی پاریس. بەمپێیەش ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلوم کۆبانی بە خیانەت ناوزەد بکرێت. لەڕاستیدا هیچ خیانەتێک لەئارادا نیە. ڕاستەئەم هێزە لە سیاسەت و کارکردیدا جیاوازیەکی لە خۆی نیشانداوە لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستە کوردە تەقلیدی و هەرە کۆنەپەرستەکاندا. ئەگەر مەرسومەکەیان لەسەر مافی ژنان بەراورد بکرێت بە هەڕاجکردنی مافەکانی ژنانی عێراق لەلایەن حزبەکانی بارزانی و تاڵەبانیەوە لەپێناو کۆمەڵێک ئیمتیازی قەومی و مالی حەقیرانەدا، یان جەنگی کۆبانی بەراورد بکرێت بە کارەساتی شەنگال، جیاوازیەکە ڕونە. بەڵام ئەم جیاوازیە خەسڵەتی چینایەتی و ناسیۆنالیستی ئەم ڕەوتە ناگۆڕێ. پێویست نیە پرۆلیتاری و کۆمۆنیستی و هەتا چەپ بیت بۆئەوەی دژی بەربەریەتی ئیسلامی بجەنگیت، تەنانەت ئەوەندە بەسە حزبێکی بڕێک شارستانی بیت بۆئەوەی دژی کۆنەپەرستانەترین یاساو نەریتە ئیسلامیەکان بیت دەرحەق بە ژنان.

لەڕاستیدا بەشێک لە سیاسات و کارکردی هەسەدە ئاکامی دیفاکتۆی هەلومەرجەکە و واقعیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ناوچانەیە کە فەرمانڕەوایان دەکات. جەنگی دژی داعش وەکو خاڵی بەهێزیان، بەناچاری ڕەنگدانەوەی بوو لەسەر هەڵوێستی ئەم هێزە بەرامبەر نەریت و یاسا ئیسلامیەکان. ئەوەی کە ناسنامەیان قەومیان بەرجەستە نەکردوەتەوە و تەنانەت لەناو ڕیزەکانی و لە پێکهاتەی دەسەڵاتەکەیدا خەڵکانی غەیرە کوردی وەکو عەرەب و ئەرمەنی و پێڕەوی دین و مەزهەبە جیاوازەکان جێگایان پێدراوە، بەشێکی ئەوەیە کە ئەو ناوچانە وەکو سلێمانی و سنە و دیاربەکر نیین کە نزیک بە هەموو دانیشتوانەکەیان کورد بێت، خەڵکانێکی زۆری عەرەب و ئەرمەن و ئیسلام و مەسیحی لەوێ دەژین. بۆیە ناچارە بۆ گرتنەخۆی دانیشتوانی ناوچەکە ناسنامەی قەومی بەرجەستە نەکات. هەروەکو ئەوەی لەکاتێکدا تا نزیک حەمرین بەدەست پێشمەرگەوە بوو، لە شارێکی وەکو کەرکوکدا پارێزگار و پۆلیس و ئاسایش و هێزی چەکدار کورد و پێشمەرگە بوون، بەڵام جەلال تاڵەبانی ناچاربوو دەستپێشخەری بکات بۆ دابەشکردنی هەموو پۆستە سیاسی و ئیداریەکانی شارەکە بەیەکسانی لە نێوان کورد و تورکمان عەرەبدا بەڕێژەی ٣٣% بۆ هەرکامیان. لەکاتێکدا هیچ گومانێک لە ناسیۆنالیستبوون و تەنانەت قەومپەرستبونی یەکێتی نیە، بەڵام ئەمری واقع ئەمە فەرز دەکات. تەنانەت حکومەتی هەرێمیش ئەگەر بە ڕواڵەتیش بێت خەڵکی غەیرە کوردی بەناوی "کەمینە" شەریککردوە. جگەلەوانە لە نەهجی تازە و مانیفێستەکەی ئۆجەلاندا کەباسی کۆمەڵگەی دیموکراتی و برایەتی گەلان دەکات، دەستبەرداری دەوڵەتی نەتەوە و فیدراڵی و ئەو ئەلگۆیانە بووە و تەنها ئامانجی سیاسی ئێستایان بەشداریە لە دەسەڵاتی ناوەندیدا تەنانەت بەبێ حوکمی زاتیش.

لەڕاستیدا هەسەدە لە ئەمڕۆی ناوچەکە و سوریادا پێگەیەکی زۆر هەستیاری هەیە، هەم فشارێکی زۆری لەسەرە و هەم زۆر دەوڵەت چاوی تێبڕیوە بۆئەوەی لەبەرژەوەندی خۆیدا دەستی بۆ درێژ بکات. ئەمریکا بۆ پاراستنی پێگەی خۆی وەکو هاوپەیمان هەڵیبژاردوە و هاوکاری دەکات، جمهوری ئیسلامی هەوڵدەدات بەلای خۆیدا ڕایکێشێت، ئیسرائیل چاوی لەسەرە و ئامادەیە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تازەی دڵخوازی خۆیدا هاوکاری بکات و بەکاری بهێنێ. تورکیا و ڕژێمە پرۆتورکیا تازەکەی دیمەشق ئەو ڕاستیە دەزانن کە لانیکەم لەئێستادا ناتوانن نادیدەی بگرن و لەبەینی بەرن، بۆیە ڕێگای سازانیان لەگەڵی هەڵبژاردوە و ئەگەر کاتیش بێت جێگایەکی بۆ قایل بوون لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی تازەی سوریادا.

بەم پێگە حەساسەی هەسەدەوە، بەدەر لەوەی خۆی و خەڵکی تر بە چەپ یان بەڕاستی دەزانن، پێویستە جموجوڵەکانی بەویژدانەوە واقعیانە هەڵبسەنگێندرێت. ناوزەکردنی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی ئەحمەد شەرع بە خیانەت و لادان لە بنەماو پرەنسیپەکانی خۆی و کوردایەتی بێبنەمایە. هیچ خیانەتێک لەئارادا نیە. هەسەدە وەکو هێزێکی ناسیۆنالیستی کورد کە لەبنەڕەتدا لە دەوری مەسەلەی کورد سەریهەڵداوە و بونی خۆی ڕاستەوخۆ گرێداوە بە ماف و

مەسەلەی کوردەوە، ئامانجی شەڕیکبوونەوەیە لە دەسەڵاتی سیاسیدا. جیابونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ نە زەمینەی هەیە و نە هیچ کات ئەم هێزە ئیدعایەکی وەهای بووە، تەنانەت وەکو ناسیۆنالیستە کوردەکانی عێراق ئیدعای فیدراڵیزمیشی نیە. بۆیە لەپەیوەند بە ئامانجەکەی خۆیەوە هیچ خیانەتێک بوونی نیە. ئەم ڕێککەوتنە بەپێوەری "ئاشتی باشترە لە شەڕ"یش قەزاوەتی لەسەر ناکرێت. ئەوە حوکمێکی گشگیر نیە، بۆنموونە شەڕی هەسەدە لەگەڵ داعش باشتر بوو لە ئامادەیی بارزانی بۆ هودنە و ڕێککەوتن لەگەڵ داعش. ئەمە مانای ئەوە نیە کە فەرز بکرێت بەسەر هەسەدەدا کە هەتا لەڕوانگەی ئەوانەی وەکو هێزێکی چەپ چاو لە هەسەدە دەکەن، هەم وەڵامی پەیامی هاوپەیمانی ئەمریکای ئیمپریالیست نەداتەوە، هەم دەستبنێ بەڕووی ئیسرائیل و جمهوری ئیسلامیەوە و هەم هاوکات لەگەڵ تورکیا و ڕژێمی تازەی سوریا بجەنگێ! ئاشکرایە کە هەتا ئەگەر هەسەدە مەبەستیشی بێت ناتوانێ ئەم کارە بکات. بۆیە لەڕووی مەنتقەوە هەسەدە ناچارە جۆرێک مامەڵە لەگەڵ باروودۆخەکە و ئەو دەوڵەتانە بکات کە بتوانێ خۆی و دەسەڵاتەکەی بپارێزێ. ئەوە بنەمایە کە بە چ نرخێک ئەم کارە دەکات؟ من ئەگەر هاوڵاتیەکی باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا بم، نەک بەشداری هەسەدە لە دەسەڵاتی سیاسیدا، بەڵکو ئەوەم بۆ گرنگە کە ئەم هێزە بە چ نرخێک لەگەڵ ڕژێمی تازەی سوریا دەسازێ؟ ئەگەر بۆنمونە وەکو حزبەکانی بارزانی و تاڵەبانی مافەکانی ژنان هەراج بکات، بێگومان بەتوندی مەحکومە. ئەگەریش بە ئەندازەی قورسایی خۆی، مافە مەدەنیەکانی خەڵک بەگشتی و ژنان بەتایبەتی بکاتە مەرجی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕژێمی تازەی دیمەشق، بەدەر لە خەسڵەتە بورژوازی و ناسیۆنالیستیەکەی خودی ئەم کارە تەنانەت ئەتوانێ ئەرێنی بێت.

☆

# ئایندەی شەڕی غەززە!

## عوسمانی حاجی مارف

هاوکاتی راگرتنی شەڕی داگیرکاری ئیسرائیل بۆ سەر دانیشتوانی غەززە، فڕۆکە جەنگیەکانی ئیسرائیل لەناکاو هێرشی ئاسمانیان لە سەرانسەری کەرتی غەززە دەستپێکرد، زیاتر لە ٣٦٠ فەلەستینی کوژران، کە زیادبونی ژمارەی قوربانیەکان تائێستاش بەردەوامە.

ڕێکەوتنی ئاگربەست بە نێوەندگیری ئەمریکا، میسر و قەتەر، لە قۆناغی دووەمیدا نەچووە پێشەوە، بڕیاری گەڕانەوە بۆ شەڕ لە دژی غەززە زیاتر بەهۆی کاریگەری سیاسەتی ناوخۆییەوە بووە، کە ناتانیاهۆ بۆ پاراستنی مانەوەی خۆی و یەکگرتوویی هاوپەیمانیەکەی دەیقۆزێتەوە. ناتانیاهۆ، بە سەرکەوتوویی ئیفادەی بەرنامە بۆ داڕێژراوەکەی لەبەردەم دادگای ناوچەی تەلئەبیب دواخست، کە دەبوا وەڵامی ئەو تۆمەتانە بداتەوە کە دەربارەی گەندەڵی لەسەری تۆمار کراون، هاوکات ئیتامار بن گڤیر وەزیری دەستلەکارکێشاوەی ئیسرائیل، بە دەستپێکردنەوەی شەڕی غەززە، مەرجەکانی خۆی بۆ گەڕانەوە بۆشەڕ وەک هاوپەیمانیەکی ڕاستڕەو، کە ڕووبەڕووی قەیرانی ناوخۆ بووەتەوە، جێبەجێکرد.

داگیرکاریەکانی ئیسرائیل لەکاتی چوونە ناو قۆناغی دووەمی ئاگربەستەکەدا ئاگربەستی وەستان، هاوکات ناتانیاهۆ ڕەتیکردەوە کۆتایهاتنی شەڕەکە ڕابگەیەنێت، چونکە دەزانێت کە هەڕەشە لە بەردەوامیدان بە حکومەتەکەی دەکات و ڕەنگە ببێتە هۆی دادگایکردنی و دواتر زیندانیکردنی.

ئەم هێرشە بەرفراوانترین هێرشە لەدوای ڕێکەوتنی ئاگربەستەوە کە قۆناغی یەکەمی لە ١٩ ی ١ ی ٢٠٢٥ دەستپێکرد، بەدوای ١٦ ڕۆژ لە داخستنی دەروازەکان و سەپاندنی گەمارۆ بەسەر هاوڵاتیانی غەززەدا هات، هاوکاتی ئەو هەموو هۆشداریە کە دەربارەی برسیەتی لە غەززە درا، بەڵام ئەو هێرشە هەر ئەنجامدرا. هێرشەکان و گەڕانەوەی ناتانیاهۆ بۆ شەڕ بۆ سەر غەززە لەکاتێکدایە کە ئیسرائیل دوو هەفتەی نیگەرانکەری بەسەربرد لە بەرامبەر سیستەمی سیاسی خۆیدا، کە دەرگیر بە قەیرانە ناوخۆییەکانە لە بودجە و یاسای وەرگرتنی سەربازی، دەبێت تا کۆتایی مانگی ئازاری ٢٠٢٥ بودجەی دەوڵەت پەسەند بکات،گەر بەپێچەوانەوە بێت ئیسرائیل بەرەو هەڵبژاردن دەڕوات، ئەگەر بودجە پەسەند بکرێت، ناتانیاهۆ دەتوانێت تا هەڵبژاردنەکانی تشرینی دووەمی ٢٠٢٦ لە پۆستەکەیدا بمێنێتەوە. لەلایەکی ترەوە لەلایەن داواکاری گشتیەوە دەربارەی دورخستنەوەی ناتانیاهو لە پۆستەکەی گەڕاوەتەوە بۆ پێشەوە، هەرلەم بارەیەوە لەگەڵ سەرۆکی دادوەردا قەیرانێک پێشهاتووە، کە لەلایەن حکومەتەکەی ناتانیاهۆوە باوەڕپێکراو نیەو دانی پێدانانێن. هەروەها پێشنیار هەیە کە لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕێککەوتنێکی

هاوبەش بۆ ڕووخاندنی حکومەت واژۆ بکەن، جگە لەوەش ئۆپۆزسیۆن بڕیاریان دابوو نارەزایەتی بەرفراوان ڕێکبخەن، کە لە سەرەتادا بڕیاربوو لە ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی ئازاری ٢٠٢٥ دەست پێبکات.

حکومەتی ناتانیاهۆ بەمەبەست ڕێکەوتنی ئاگربەستی لە غەززە پێشێلکردووە، بە ڕەزامەندی ئەمریکا، چونکە نەیدەویست تەواوی ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات کە دوو مانگ لەمەوبەر پابەندی بووە. ٤٨ کاتژمێر بەر لە دەستپێکردنی گفتوگۆی بودجە، ناتانیاهۆ گەڕانەوەی بۆ شەڕی غەززە ڕاگەیاند، ناچاربوو پارتەکەی بن گڤیر بهێنێتەوە ناو هاوپەیمانیەکەوە بۆئەوەی حکومەتەکەی نەڕوخێت. پارتەکەی بن گیڤیر پێشوازی لە گەڕانەوەی شەڕ بۆ سەر غەززە کرد و بە هەنگاوێکی دروستی زانی بۆ "لەناوبردنی حەماس و گەڕانەوەی بارمتەکان، دەڵێن نابێت حەماس قبوڵ بکرێت و دەبێت تێکبدرێت". ئەتوانین بڵێین کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی بەپەلە هەن کە بووە هۆی گەڕانەوەی هێرش بۆسەر غەززە، وەک گەڕانەوەی ئیتمار بن گڤیز و پارتەکەی بۆ ناو حکومەت، هێشتنەوەی بێزالێل سمۆتریچ* لە حکومەتدا، پەسەندکردنی بودجە و لابردنی مەترسی دەستبەجێ لەسەر حکومەت، دواخستنی دادگایکردنەکەی و وەستاندنی ئیفادەی لە دادگا، هەوڵی بۆ دوورخستنەوەی داواکاری گشتی و ڕونین بار سەرۆکی دەزگای ئاسایشی ناوخۆ، هەوڵی بۆ لادانی کارنامەی ڕاگەیاندن لە نێو نارەزایەتیەکانی دژ بە حکومەت، هەروەها هەوڵ دەدات بە پاراستنی شەڕێکی هەمیشەیی لە چەند بەرەیەکدا تا مانەوەی ئەو ڕژێمە مسۆگەر بکات، جگە لەوەش، دواتر توانی ئیفادەکەی لەبەردەم دادگای ناوچەی قودس هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە شەڕی دژی غەززەی دەستپێکردەوە.

پێدەچێت شێرپەنجەی ململانێکان و شەڕەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەشەنە بکات، هێشتا لە دۆخێکی گێژاوی ئەوپەڕیدایە و بە ئاسانی دانامرکێتەوەو کەم نابێتەوە، ناوچەکە لەناو دیمەنی ئاڵۆزیەکاندا نوقم کراوە. ئەم دۆخەی غەززە و فەلەستین و کارەساتی گەورەی دژی ئینسانی، شکستی تەواوەتی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و تەواوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی بۆرجوازیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ و شەڕەکان و بێتوانایی لە وەستاندنی سووڕی نوێبوونەوەی بەرفراوانی خوێنڕشتن. ئەوەی ڕوودەدات تەنها ململانێیەکی سیاسی و مانۆڕی سەربازی نییە، بەڵکو ئەڵقەیەکی نوێیە لە سووڕێکی بەردەوامی دژی مرۆڤایەتی، کە شەڕەکان دەبنە خولگەیەکی دووبارەبووەوە کە تەنیا بە گۆڕانکاری بچووک لە سیناریۆ و پاڵەوانەکاندا خۆیان بەرهەمدەهێننەوە.

ئەوەی نمایشدەکرێت و دەیبینین تەنها بەڕێوەبردنی ناکۆکیەکانە، نەک هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن، کە لەسەر مێزی دانوسان و دیالۆگی لایەنەکان جێهێڵراوە، گەمارۆدان، پاشان پەرەسەندنی شەڕ، ئارامبوونەوەیەکی کاتی، پاشان گەڕانەوە بۆ شەڕ، هەر لایەنێکیان لە هەوڵی ئەوەدان موزایەدەکردن بەکاربهێنن، لەکاتێکدا ڕێژەی قوربانیەکان بەردەوام زیاترو زیاتر دەکات.

سەبارەت بە خەڵکی غەززە، هەرچەندە چیرۆکەکە لە ئەوانەوە دەستی پێکردووە، بەڵام چیتر بەشێک نین لە هاوکێشەکە، کەس بیر لە خەڵکی غەززە ناکاتەوە کە پێداویستی و ژیان و خەونیان هەیە، هیچ ئاماژەیەک نیە کە غەززە سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێت. بەپێچەوانەوە، هەموو بارودۆخەکان پاڵدەنێن بەرەو تراژیدیاو کارەساتی زیاتر لە ئێستاو لە داهاتودا، بەردەوامی شەڕەکە دەبێتە هۆی خراپتربونی بارودۆخی ئابووری و مرۆیی، فەرامۆشکردن و گۆشەگیرکردنی کەرتی غەززە لە ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا.

لەلایەکی تریشەوە حەماس بۆخۆی لە دۆخێکی تەواو ناکۆک و سەختدایە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیسرائیل هێرشە توندوتیژەکانی بۆسەر کەرتی غەززە دەستپێکردەوە، کە دەیەوێت ئازادکردنی بارمتە ئیسرائیلیەکان لەژێر هەڕەشەدا خێراتر بکات، ئەمەش دەبێتە خەسارەتێکی سیاسی گەورە بۆ بزووتنەوەی حەماس، یان گەر پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات، دەبێتە کردنەوەی دەرگایەک بۆ ناتانیاهۆ تا هەڕەشەکانی ئەنجام بدات و هەزاران هاوڵاتی تر ببنە قوربانی.

ئەگەر بارمتەکانیش ئازاد بکرێن، هیچ شتێک ڕێگری ناکات لە ئیسرائیل لە درێژەدان بە پلانە بنەڕەتیەکەی بۆ هێرشکردنە سەر غەززەو زیاتر وێرانکردن وئاوارەکردنی دانیشتوانەکەی، هەروەها هەوڵدان بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەماس و نەهێشتنی سیستمی سیاسی و ئامێرە سەربازیەکەی، جێبەجێکردنی پلانێکە کە دوای جەنگ لەسەر بنەمای ڕێگریکردن لە هەر کاریگەریەکی حەماسە کە بەسەر حوکمڕانی غەززەدا هەیبێت، جا بە ئاشکرا بێت یان بە نهێنی.

سەرەڕای بانگەوازە نێودەوڵەتیەکان بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی، بەڵام ناتانیاهۆ بەپشتیوانی هاوپەیمانە ئەمریکیەکەی دووپاتیکردەوە کە دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان "پێویستە" بۆ دەستەبەرکردنی ئازادکردنی بارمتەکان. ئەگەر بارمتەکان لەژێر فشاری هێرشەکانی ئیسرائیلدا ئازاد بکرێن، ئیتر حەماس هیچ گەرەنتیەکی نامێنێت. سەرکردەکانی ئیسرائیل پشتگیری لە نەمانی حەماس دەکەن وەک هێزێکی سەربازی و دەسەڵاتدار لە غەززە، لەکاتێکدا حەماس ئامادەیی خۆی دەربڕیوە بۆ گۆڕینی شێوەی حکومەت لە غەززە لە قۆناغی دوای جەنگدا، بەڵام ڕەتیدەکاتەوە چەکەکانی دابنێت، ئیسرائیلیش لێی قەبوڵ ناکات. بەڕاستی و بەکورتی حەماس لە دۆخێکی تەواو ناکۆک و سەختدایە، جا بارمتەکان ئازاد بکات یان بیانهێڵێتەوە! ئەگەر بارمتەکان ئازاد بکات، هیچ شتێک نیە ڕێگری بکات لەوەی بکرێنە ئامانج، یان ئەگەر بیانهێڵێتەوە، پاساوێکە بۆ ناتانیاهۆ بۆ لێدانیان.

ناتانیاهۆ لە هێرشی بەردەوامی بۆ سەر غەززە سود لە قسە توندەکانی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر بە حەماس وەردەگرێت، هەروەها هەڕەشەی نەهێشتنی بارمتەکان لەبەرامبەر حەماسدا دەکات، تا شەرعیەتێک بۆ هێرشی توندوتیژی کە هەزاران هاوڵاتی مەدەنی بکوژێت، دەهێنێتەوە. لەم نێوەشدا بە هیچ جۆرێک باسێک لەسەر ئایندە و چارەسەری کێشەی فەلەستین ناکرێت و لە ئارادا نیە، تەنها بەدوای رێگریکردن و وەستاندنی تەواوی هاوکاریە مرۆییەکانن بۆ دانیشتوانی غەززە، لە هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو پلانەی ترەمپەوەن بۆ ئاوارەبوونی دانیشتوانی فەلەستین لە غەززەدا.

---------------------------------.

*بێزالێل سمۆتریچ، وەزیری دارایی، ئیتامار بن گڤیر، وەزیری ئاسایشی نیشتیمانی ئیسرائیل هەڕەشەی دەستلەکارکێشانەوەیان لە حکومەتی ئێستای ئیسرائیل کرد، ئەگەر بێت و ناتانیاهو، ڕازیبێت بە پێشنیارەکەی جۆو بایدن، لە بارەی ئاگربەستی غەززەوە.

★

# شوراکانی کوردستان بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی جیاواز لە بزوتنەوەی کوردایەتی!

## نوری بەشیر

پاش ٣٤ ساڵ کە یادی ڕووداوەکانی ئازاری ١٩٩١ی کوردستان دەکەینەوە، هەلومەرجەکە لەئاستی دنیاو ناوچەکەو کوردستاندا زۆر گۆڕاوە، هەلومەرجی ئەوکاتە، سەرەتای ڕاگەیاندنی دنیای تاکجەمسەری بەڕابەری ئەمریکاو بەیانی نەزمی نوێی جیهان بوو. ئەمریکا بۆ هێزنیشاندانی خۆی فرسەتی داگیرکردنی کوەیتی لەلایەن عێراقەوە بە هەلزانی، وەک گەورە هێزی جیهان و رابەرایەتی نزیکەی ٣٠ وڵاتی دنیای کردو هێزی هێنایە کەنداو کە سەرەنجام بەدەرکردنی هێزەکانی سەدام لەکوەیت و تێکشکاندنی توانای سەربازی عێراق کۆتایی هات.

لەو هەلومەرجەدا ناوچەکە کە دوو ساڵ بوو لە جەنگی نێوان عێراق و ئێران رزگاری بووبوو، دەسەڵاتی سەدام ئەگەرچی لاوزبوو، بەڵام لەسەرکوتی خەڵکی عێراق و کوردستان هەر هێزی هەبوو. هێزەکانی حزبە ناسیونالیستە کوردیەکان بەتایبەت پارتی و یەکێتی وەک دوو حزبی گەورەی بزوتنەوەی کوردایەتی کە مەیدانی سیاسیان قۆرخکردبوو لەودیو سنورەکانەوە لەئێران بوون، بەڵام لای زۆرێک لە خەڵکی کوردستان جێگاوڕێگایان هەبوو بە خەباتکارو دژی رژێم دەناسران. رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکان کە بەنهێنی لەشارەکان کاریان دەکرد کەوتبوونە بەردەم هێرشی رژێمی بەعس و زۆرێکیان دەستگیرکرابوون و لەبەردەم هەڕەشەی مەرگدابوون.

لاوازبوونی حکومەتی عێراق ئەو دەرفەتە بوو کە سەرەتا خەڵکی خواروی عێراق قۆستیانەوە و دەستیان دایە راپەڕین دژ بە رژێمی سەدام، بەڵام دواتر شەپۆلەکە بەرەو کوردستانیش هات و جموجوڵەکان بۆ ڕاپەڕین دەستی پێکرد. بێگومان گروپ و رێکخراوە کۆمۆنیستی و چەپەکان کە لەوکاتەدا تاکە هێزی چالاکی سیاسی بوون لەناو شارەکانی کوردستاندا و بگرە تاڕادەیەکیش لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقدا پەیوەندیان هەبوو، سەرگەرمی ئەوەبوون کە ئەوەی لە خواروی عێراقدا ڕویدابوو لە کوردستانیشدا دەست پێبکات. بۆ ئەم مەبەستە کەوتنە خۆکۆکردنەوەو کۆمیتەکانی راپەڕینیان دروستکرد. لەولاشەوە بزوتنەوەی چەکداری ناسیۆنالیزمی کورد کە خۆی گرێدابوەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە لە جەنگەکەدا، بەناوی بەرەی کودستانیەوە، هانی خەڵکی دەدا بۆ راپەڕین و کەوتبونە خۆکۆکردنەوە و رێکخستنەوەی ئەو بەشە کەمەی رێکخستنەکانیان کە دوای شکستەکانیان لە هێرشەکانی ئەنفالدا، لەناو کوردستاندا مابوونەوە، بە هاوکاری و پشتیوانی ئەو چەکدارە کوردانەی لەگەڵ رژێمی بەعسدا کاریان دەکرد، بەڵام بەشێوەی جۆراوجۆر لەژێرەوە پەیوەندیان بەو هیزانەوە ڕاگرتبوو. راستیەکەی بەشێکی بەرچاویشیان لەو پێشمەرگەو بەرپرسانەی حزبەکانی کوردایەتی بوون کە تەسلیمی رژێمی بەعس بووبونەوەو چەکیان بۆ

⇦

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

هەڵگرتبوو! ئەوەبوو لەسەر بنەمای سیاسەتی بزوتنەوەی چەکداری ناسیۆنالیزمی کورد، کە خۆیان بە سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکاوە گرێدابوو، بانگەوازی ڕاپەڕین و هێرشکردنە سەر دەزگاکانی ڕژێم دەستی پێکرد، کە بە پلەی سەرەکی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانەوە، کۆمۆنیست و چەپەکان و کۆمیتەکانی ڕاپەڕین پەلاماری دەمەزراوە ئەمنی و سەرکوتگەرەکانی بەعس دراو لەماوەیەکی کەمدا پاک کرانەوە، لەکاتێکدا لە هەندێ شوێن هەموو شتێک تەواو بووبوو، کاتێک ڕژێم پێشمەرگە گەیشتنە ناو شارەکان!

بەڵام هەلومەرجی یادکردنەوەی ئێستا تەواو پێچەوانەیە، دنیادا دنیای چەند جەمسەری جارێکی دیکە سەری دەرهێناوە، ئەمریکا وەک جەمسەرێکی سەرمایەداری و زلهێزی فاشیستی دەرکەوتووەو دەیەوێت جێگای خۆی وەک جەمسەرێک توندوتۆڵ بکات، ناوچەکە دەورەیەکی نوێی لەسیاسەتی؛ ئەمریکا، ئیسرائیل، سعودیە، تورکیاو قەتەر بەخۆیەوە دەبینێت بۆ نەخشەی ڕۆژهەڵاتێکی نوێ، کەبەرژەوەندیەکانی وڵاتانی سەمایەداری و بۆرژوازی بپارێزێن. جێگاو ڕێگای ئێران پاشەکشەی پێکراوە، دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی بەتایبەت پارتی و یەکێتی لەجێگای خۆیدایە بە لاوازیەکی زۆرەوە، هەردووڵا دەسەڵاتداری یەکەم و دووەمی کوردستانن، بەڵام بەریسوایەکی زیاترەوە، بەڵام هێشتا لەچوارچێوەی سیاسەتی ئەمریکاو حکومەتانی ناوچەکەدا پێویستیانن، جێگاوڕێگایان لای خەڵکی کوردستان، بە بەعس ئاسا، دژی خەڵکی، دزو گەندەڵ و سەرچاوەی برسیکردن و داڕودەستەی حکومەتانی ناوچەکە پێناسەدەکرێت و ڕۆژانە خەڵک بۆ موچە، ئاو کارەباو ئازادی، ناڕەزایەتی دەردەبڕن، نەک هەر ئەمانەش بەڵکو کارنامەی فەسادو گەندەڵی و کوشتاریان ڕۆژانە لەلایەن ئەندامان و سەرانی خۆیانەوە ئاشکرا دەکرێت و دەخرێتە ڕوو، بەڵام بەهەمانشێوەی دەوری پێشوو خۆیان بە سیاسەت و ئاسۆی ئەمریکا گرێداوە.

ساڵیادی ئەم ڕووداوانەی ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەڕین و شوراکانە، ئەگەرچی وەرچەرخانێکی جۆری نوێ بوو لەمێژووی کۆمەڵگای کوردستاندا، نەک تەنیا لەو ڕووەوە کە دەسەڵاتێکی بۆرژوا ناسیونال فاشیستی حزبی بەعس بەدوای هەلومەرجێکی نوێی نێونەتەوەیی لەئاستی دنیاو ناوچەکەدا هاتە پێشەوەو کوردستان لەهێزەکانی پاککرایەوە، بەڵکو کوردستان وەک کۆمەڵگایەکی شاری و خەباتی شاری و چینایەتی و کێشمەکێشی نێوان کۆمۆنیزم و چینی کرێکار لەلایەک و بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی پێی نایە دەورەیەکی نوێ و ئاشکراوە، کە ئەمە خاڵی وەرچەرخانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگای کوردستان بوو کە هەریەک لەو دوو هێزە سیاسەت و بەرنامەیان بۆ کۆمەڵگای کوردستان چی بوو و وە دەیانویست بەرەو کوێی بەرن، خرانەڕوو.

هەر ئەوکات کۆمۆنیستەکان لە شوراکاندا "نا"یان بۆ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی وەک نوێنەرانی بۆرژازی و سەرمایەداران وت، بەدژی حزبەکان و هێزەکانی کە پارێزگاری لەسەران و پاشماوەکانی حزبی بەعس و بەڕێوەبەرە بەعسیەکان و مستەشارەکان دەکرد، دەستیان دابووە ژن کوشتن و تالانی، وەستانەوە، هەروەها بەرنامەی دەسەڵاتی شورایان خستەبەردەم کۆمەڵگای کوردستان، لێرەوە مێژوویەکی نوێ دەست پێدەکات، ئەگەر هەر نوسەر، ڕۆژنامەنوس، مێژوونوس و مرۆڤێکی خاوەن ویژدان ئەو مێژووە بنوسێتەوە، بەبێ باسکردنی ڕاستیەکانی ڕاپەڕین لە چ هەلومەرجێکدابوو، بەبێ باسکردنی شوراکان و دەوروجێگاو کاریگەریەکانی و بەرنامەکانی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کە تەواو جیاواز بوو لەبەرنامەی حزبەکانی کوردایەتی، ئەوا کارێکی ناتەواوەو مێژوو شێواندنە.

شوراکان ئەڵتەرناتیڤی خۆیان بۆ کۆمەڵگاو بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا خستەڕوو و لێرەوە سەرچاوەی سەرەکی کێشەکان دەرکەوتن کە دوو سیاسەتی چینایەتی بوون، کە کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوەکانی دەیانزانی کە کۆمەڵگای کوردستان لەژێر سایەی دەسەڵاتداریتی حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردا هەر ئەمڕۆی لێدروست دەبێت کە ئێستا هەیە، بۆیە لەیەکەمین ڕۆژەکانی شوراکانەوە، بانگەوازی خەڵکی کرێکارو ژنان و پیاوان و کەمدەرامەتی کوردستانیان کرد کە لە دەوری شوراکانی خۆیان کۆببنەوەو خۆیان ڕێکخراو بکەن، لەبەرئەوەی حزبەکانی ناسیونالیستی کوردی ناتوانن نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا بکەن، بۆیە زەرورە کە هیچ خۆشخەیاڵیان پێیان نەبێت.

لە ئاکامی ئەم هاتنەمەیدانەی هێزی کۆمۆنیست و چەپ و خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەت و ئازادیخواز بۆ خەباتی چینایەتی و شاری، کە بۆیەکەمین جاربوو لەمێژووی کوردستاندا بەوجۆرە دەربکەوێ، لەدەرەوەی کایەی سیاسی حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردیەوە کە مەیدانەکە لەلایەن ئەوانەوە وەک هێزی چەکدارو شاخی قۆرغکرابوو، دەورەیەکی نوێ لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کۆمەڵگای کوردستان دەستی پێکرد، بەڵام بەداخەوە خۆشخەیاڵی خەڵک بەبزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد وایکرد کە ئەو بزوتنەوەیە نەتوانێ پێشرەوی زیاتر و گەورەتر بکات و لەگەڵ هێرشی ڕژێمیشدا بۆ گرتنەوەی شارەکانی کوردستان و دواتر ڕێکەوتنی نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێم، ئەو بزوتنەوەیە دەرفەتی کارکردنی لەدەستدا.

بەردەوام لەماوەی زیاتر لەو سێ دەیەدا کە ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی دەسەڵاتیان هەبووە، بەردەوام نەک هەر خۆیان جووتکردوە لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا، بەڵکو بەردەوام لەباوەشی هێزەکان و حکومەتانی ناوچەکەدا بوون، ڕۆژێک لەگەڵ حکومەتەکەی سەدام، بەدوایدا سات و سەدا لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوای یەکە قەومی و مەزهەبیەکانی عێراق و واژوودان لەسەر عێراقێکی قەومی عەرەبی و فیدراڵی

یەکپارچە دا، بەدوایدا هەر ڕۆژەو هەریەک لەو حزبانە بەقەومی ئیسلامیەوە خەریکی ساتوسەدا بوون لەگەڵ حکومەتانی ناوچەکە لەوانە حکومەتی تورکیا و ئێران.

ڕاپەڕین و شوراکان ڕووداوی لێکهەڵپێکراون، کە چۆن شوراکان لەهەناوی ڕاپەڕینەوە بە دەستپێشخەری ڕێکخراوە کۆمۆنیست و چەپەکان سەری دەرهێنا وەک ئەڵتەرناتیڤێکی چینایەتی و دژی سەرمایەداری بەدوای نەمانی دەسەڵاتی بەعس لە کوردستان، وەک دەسەڵاتدارێتی خەڵک لەبەرامبەر دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتی و ئەمانە وەک دوو حزبی بۆرژوا ناسیونالیستی کە تا ئەوکات ساحەی سیاسی کوردستانیان دەست بەسەردا گرتبوو، هەمان بەدیلیان شێوەی دەسەڵاتی حزبی بەعس دەست بۆبرد بەڵام بەدەسەڵاتدارێتی کوردایەتیەوە.

شوراکان لەناودڵی ڕاپەڕینەوە وە هێزێک کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و ئایندەی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگای دەکرد، هەر تەنیا ئەوەنەبوو کە وەک هێزێکی دیارو بەرچاو بەشداربوون لەپاکردنەوەی کوردستان لەهێزو دەسەڵاتی حزبی بەعس و داوای نەگەڕانەوەی دەکرد، بەڵکو "نا"یان وت بەدەسەڵاتی هەموو بۆرژوازی و بەدیل و دەسەڵاتی شوراکانیان مەترەح کرد وەک دەسەڵاتدارێتی خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا، بۆ ئەمەش بەرنامەی کاری شوراکانیان خستەڕوو، وە بەرنامەیان دانا بۆ زۆربەی مەیدانەکانی ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.

بەڵام بەرەی کوردستانی بەپێچەوانەوە لەسەرویانەوە پارتی و یەکێتی، "نا" یان نەبوو بۆ دەسەڵاتدارێتی بەعس و نەگەڕانەوەی، بەڵکو کەوتنە ساتوسەدا لەگەڵیدا، نەک ئەوەش بەدیلیان ئەوەبوو هەموو دامودەزگاکانی حزبی بەعس دەستی لێنەدرێت و ئەمان ببنە جێگرەوەی، هەموو لێپرسراوەکان لە مودیرو بەرپرسە بەعسیەکان لەجێگای خۆیاندا بمێننەوەو لەلایەن بەرەوە هەموو کارتیان بۆکراو پارێزران. یەکەمین کارەکانی ئەم بەرەیە لە هاتنە ناو شارەکان ئەوەبوو، یەکەم؛ ئاودیوکردنی هەموو ئامێرەکانی نەخۆشخانەو بەنداوەکان و بڕینی بانکەکان، دووەم؛ هێرش بۆسەر شوراکان کە وەک هێزێکی نوێ کە هەڕەشە بوو بۆسەر دەسەڵات و بەرژەوەندی و ئایندەیان. سێهەم؛ دەستیان کرد بەژن کوشتن...

بەڵام شوراکان لە یەکەمین ڕۆژەکانی ڕاگەیاندنی شوراکانەوە، دەستیان برد بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا لەشوراکاندا، وەک دەسەڵاتدارێتی خەڵک لە کارگەو گەڕەکەکاندا، کە بە دەیان هەزار کەس لەژنان و پیاوان لە شوراکاندا لەهەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا لەدەوری شوراکان کۆبوونەو، بانگەوازی ئەوە کرا، کە شوراکان یاسا دانەرن و هەم یاسا بەڕێوەدەبەن، شوراکان لە زۆریک کارگەو گەڕەکەکان دروستبوون، دەستەی چەکداری شوراکان دروستکرا، بۆ پاراستنی گەڕەک و شوێنەکان و لەو ماوەیەی شوراکاندا شارەکان گەورەترین هەلومەرجی ئاسایشی بەخۆوە بینی، بانگەوازی شوراکان کرا بۆ ئەو کولوپەلو ئامێرانەی نەخۆشخانەو شوێنە گشتیەکان کە برابوون بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنەکانیان و بۆ خزمەتگوزاری بەخەڵک. بانگەوازی کرێکارو کارمەندان و دکتۆرەکان کرا، بگەڕێنەوە سەر دەوامی خۆیان شوێنە حەساس و گشتیەکان لە نەخۆشخانەکان و دائیرەکانی کارەباو ئاو، بۆ نەوەستانی خزمەتگوزاری هاوڵاتیان.

شوراکان دەستی برد بۆ یاسا کرێکاری و یاساکانی ئازادی و یەکسانی لەکۆمەڵگادا، شوراکان شوێنی بانگەوازو ڕێنمایی بوو لەکۆمەڵگادا بۆ وشیاری کۆمەڵگاو ڕێکخرابوون، بۆ کۆمەک و هاوکاری بەئاوارەکانی کەرکوک و دابینکردنی جێگاوڕێگا بۆیان، بۆ یەکسانی ژنان و پیاوان، جیایی دین لەپەروەردەو فێرکردن و بۆ سەعات کار، جێگای ئاماژەیە لەزۆر شوراکاندا حزبە ناسیونالیستەکان داوای هاوکاریان لەشوراکان دەکرد بۆ هەندێ لە ڕاگەیاندن و بانگەواز کە شوراکان بۆیان بڵاوبکەنەوە،

هەر ئەمەبوو کە بەریەکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردایەتی و لەسەریانەوە یەکێتی و پارتی، کە ئەو سیاسەت و بەرنامانەی شوراکانی بەدژی خۆی و لەبەرژەوەندی هاتنەمەیدانی خەڵک و دەسەڵاتی خەڵک دەزانی، ڕۆژانە قوڵتر دەبووەوە، لەبەرئەوەی ئەوان دەیانزانی ئەگەر خەڵک هێزیان بێتە مەیدانەوە، جێگایەک بۆ حزبەکان و دەسەڵاتیان نامێنێت، هەربۆیە ئەوان دەیانویست بەهەمانشێوەی شاخ قۆرخی شارەکان بکەن و خۆیان هێزی یەکەم و سەرەکی بن. هەربۆیە هەر بەهێرشکردنە سەر شوراکان و هەڵسوڕاوانی نەوەستان، بەڵکو بۆ شێواندنی بەرنامەو سیاسەتی شوراکان، بۆ هەڵخراندنی خەڵک بەدژیان کەوتنە بانگەوازی بەرزڕاگرتنی پیرۆزیە قەومی، نیشتمانی، سەرانی حزبەکان لە تاڵەبانی و بارزانی و سەرکردەکانی شاخ و پیرۆزیە فەرهەنگی و دینیەکان و تۆمەت دروستکردن بۆ شوراکان و هەڵسوڕاوانی و ناوزەدکردنیان کە دەستیان لەپشتەوەیەو سەر بەحزبی بەعسن و دەیان تۆمەتی تر...

کێشمەکێشی نێوان ئەو دوو هێزە چینایەتیە لە مەیدانی سیاسی و ئابوری کوردستان، وەک دوو تێڕوانین و دوو دنیابینی جیاواز، دوو بزوتنەوەی چینایەتی جیاواز لەکوردستاندا دەستی پێکرد، کە لەکۆتاییدا بەهۆی تەوازنی هێزو خۆشخەیاڵی خەڵکی کوردستان بە ناسیونالیزم و حزبەکانی کوردایەتی، هەلومەرجەکە لەبەرژەوەندی چینی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردی و حزبەکانی شکایەوەو پاشەکشە بە شوراکان و بزوتنەوەی شورایی کرا، بەڵام کۆمۆنیزم و ڕێگاچارەی چینایەتی ڕێچکەی خۆی وەرگرت، کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی پێکهات و تا ئێستاش وە هێزێکی

چینایەتی و لەبەرژەوەندیەکانی چینی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا و ژنان و لاوان، لەمەیداندایە.

هەربۆیە بەدوای زیاتر لە سێ دەیە لە پاشەکشەی شوراکان و تەجروبەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتداریێتی حزبەکانی کوردایەتی و ناسیونالیزمی کورد، کە بەخوێن و گۆشتی خۆیان تەجروبەی تاڵیان هەیە لە سەرکوت و گەندەڵی، بێموچەیی و بێئاو و کارەبایی، کوشتارو تیرۆر، شەڕی ناوخۆیی، ژن کوشتن و تیرۆرکردنی رۆژنامەنوسان و کوشتنی کۆمۆنیستەکان، تا دەگاتە پێشلەشکری بۆ وڵاتانی ناوچەکە، بێزاری خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی کۆمەڵگا بەوپەڕی گەیاندوە بەجۆرێک کە رۆژانە لەناڕەزایەتیدان و دەیانەوێت دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی یەکێتی و پارتی و باقی ئۆپۆزسیۆنی پارەخۆری دەوریان لە قەومی ئیسلامی بڕۆن و نەمێنن! بەڵام ئەوەی کە هێشتا فەزای زاڵە لەناو خەڵکیدا ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەمانەیان ناوێت، بەڵام خۆشخەیاڵی بە ناسیونالیزم هەر کایەی هەیە، نەفرەت لەو حزبانەی کوردایەتی دەکەن و دەیانەوێت لەدەسەڵاتدا نەمێنن، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەوەی کە چ دەسەڵاتێک لەجێگای ئەمانە دادەنرێت "نارۆشن و ونە" لایان! بەڵام گرنگی و جیاوازی شوراکان ئەوەبوو لەیەکەمین رۆژەوە شوراکان لەگەڵ "نا"دا بۆ دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی لەهەمانکاتدا بەدیلیان خستەڕوو بۆ دەسەڵاتداریێتی خەڵکی کرێکار وکەمدەرامەت لەجێگای ئەواندا، ئێستاش ئەم پرسە بابەتێکی بنەڕەتیە بۆ ئایندەیەکی باش و خۆشگوزەران بۆ خەڵکی کوردستان، کە کۆمۆنیستەکان و کرێکارانی پێشڕەو لەمەیداندان و نوێنەرایەتی ئەم بیرو بۆچون و خەتە سیاسیە چینایەتیە دەکەن.

★

# لە لێواری پێکهێنانی حکومەتی هەرێمدا

## عوسمانی حاجی مارف

لەماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان شاهیدی ڕاشکاوانەی بنبەستی ڕاوێژ و دانوسان و کۆبونەوەکانی نێوان زۆنی زەردو زۆنی سەوز بووە، کە لەدوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٤ وە بەڕێوەچوو، پاش ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان، تائێستا گفتوگۆکان نەیانتوانیوە ئەنجامی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ بەیان بکات، بەڵام لەم ڕۆژانەدا وەها ڕادەگەیەنن، خەریکی لێکنزیکبونەوەیەکی سیاسی نێوان هەردوو بارزانی و تاڵەبانین.!

لەدواین کۆبونەوەیاندا لەنێوان هەردوولادا وەها نیشان ئەدەن کە کەشوهەواکە ئەرێنیە، مەسرور بارزانی دوپاتی ئەوەی کردەوە کە دیدارەکەی لەگەڵ تاڵەبانی "زۆر ئەرێنی و باش بووە". لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا دوای کۆبونەوەکەیان لە هاوینەهەواری سەلاحەدین ئەوەی ڕونکردەوە، کە تیشکیان خستۆتە سەر لێکنزیکبونەوە و لێکۆڵینەوە لە پرسە گرنگەکان. لەهەمانکاتدا باڤڵ تاڵەبانی کۆبونەوەکەی بە "زۆر باش" وەسف کرد و ئاماژەی بەوەدا کە لێکتێگەیشتن لەسەر هەندێک بابەتی ستراتیژی کە "خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی خەڵک" دەکەن کراوە...!"، هەروەها باڤڵ دەڵێت "بڕوام وایە گفتوگۆکانمان بەردەوام دەبن، بەوپێیەی ئامانجی هاوبەشمان ئەوەیە کە بەزووترین کات حکومەت پێکبهێنین بۆ خزمەتی گەلەکەمان".!

لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا هەردوولا چەند خولێکی دانوستانیان ئەنجامداوە، گوایە گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە بە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بە ئامانجی دارشتنی ڕەشنوسی ڕێکەوتن لەسەر بەرنامەی حکومەتی داهاتوو میکانیزمێک بۆ دابەشکردنی پۆستە باڵاکان لە ناو حکومەتی هەرێمدا بە ئەنجامێکی عەمەلی گەیشتون، بەڵام ئەوەی شایانی باسە هیچ جۆرە خاڵێکی ڕۆشن بەرچاوناکەوێت و مانایەکی واقعی بۆ چۆنیەتی ڕێکەوتنیان نادەن بەدەستەوە، کە ئایا ئەو حکومەتەی دەڵێن بڕیارە خزمەت بە خەڵک دەکات، نمونەو وێنەکانی لەگەڵ ئەو حکومەتانەی کە لەماوەی سی ساڵ زیاتردا هیچی بۆ خەڵک نەکردووە، جیاوزای چیە و چیتر دەکات؟ لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکەوتنەکەیان هیچ ئەنجامێکی وەهایان نیشان نەداوە کە بتوانن بۆ کاروباری خۆشیان پڕۆسەی پێکهێنانی حکومەت خێراتر بکەن.

ئەوەی شاراوە نیە کێشەو ململانێیان لەسەر پێکهێنانی حکومەت، ئەوەندە پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە، کە فشاری خەڵک لەبەرامبەر یەکتردا بەکاربهێنن بۆ گورێنی بەرزبونەوەی هاوسەنگی سیاسان و بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لەبەرامبەر یەکتردا، تا ئەو ئاستەی چەندین ئینسان ببنە قوربانی لە پێناو کێشەکانیاندا، هەستیان نایان جوڵێنێ و ئازار ناکێشن و بێدەربەستن.

لەگەڵ ئەوەی وەها نیشان ئەدەن کە "کۆبونەوەکانی نێوانیان لە ئەرێنیترین کۆبوونەوەکانە لەڕووی گەیشتن بە لێکتێگەیشتن لەسەر شێوەی حکومەتی داهاتوو". بەڵام تا ئێستا

ناکۆکیەکانیان لەسەر دابەشکردنی پۆستە باڵاکان نارۆشن و بێچارە ماوەتەوە. "یەکێتی بۆ مسۆگەرکردنی بەشداری ڕاستەقینە لە حکومەتدا، لەدانوستانەکانی نێوان هەردوولا بەردەوامە لەسەر پێداگری بۆ پۆستە باڵاکان و دەبێت دەسەڵاتی ڕەهایان هەبێت".

لەلایەکی ترەوە سەرکردایەتی یەکێتی دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە سەرەڕای بوونی خاڵە هاوبەشەکانیان، بەڵام ئەوە پلانی گەورەی دەرەکیە کە ڕێگرن لە پێکهێنانی حکومەتەکەیان، بە وتەی خۆیان کورد دوژمنی زۆرە!.

ناکۆکیەکانی نێوان هەردوولا وەک دابەشبونیان بە دوو زۆن و دوو هێزو دوو دەسەڵاتی میلیشیایی جیاواز و ئاستی هاوسەنگی هێزیان و پاشکۆبونیان بە بەرژەوەندی وولاتانی ترەوە، سادە نیە بە ئاسانی بگەنە ئەنجامێکی یەکلاییکەرەوە بۆ پێکهێنانی حکومەتێک کە دۆخێکی ئارام فەراهەم بهێنێت، ئاشکرایە کە سی ساڵ زیاترە لە شەڕو ململانێ و پیلانگێری و هەندێ جار ڕێکەوتن لە گەڵ یەکتر، هەمیشە سەرچاوەی نائارامی و ناسەقامگیری سیاسی و تالە توانایاندا بێت بەلان بەسەر خەڵکی کوردستانەوە.

پێش هەڵبژاردنیش باڤڵ هەوڵیدا گۆرانکاریەکی هەمەلایەنە لە ئاستی سەرکردایەتی حکومەتدا بکات، تەنانەت بیری لەوە دەکردەوە، یان بانگەشەی ئەوەی دەکرد، گۆرانکاریەک بێت لەرێگەی هەڵبژاردنەوە کۆتایی دەسەڵاتی بارزانی بە ئەنجامێک بگەیەنێت، بەڵام واقیعی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، نەک هیچ هاوکاریەکی نەکرد بۆ ئەو بانگەشەیە، بەڵکو کەسایەتی باڤڵی زیاتر خستە ژێر پرسیارەوە و لە بنبەستێکدا سەرگەردان بەجێماوە، ئەمەش وای لێکرد بەجیا لەوەی بانگەوازەکەی چۆن بەیان دەکات، بەلام ناچارە بۆ بە دەستهێنانی دەستکەوتی بچووکترو راگرتنی هێزەکەی. بەلام لەلایەکی ترەوە یەکێتی دەیەوێت حکومەتێک پێکبهێنێت کە نەک هەر بەشداری تێدا بکات، بەڵکو هاوبەش بێت لە بریاردانی گرنگ و چارەنووسسازدا، هەروەها بۆخۆشی بەتەنیا فرسەتی ئەوەی نیە بە تاک قەوارەیەکی سیاسی کۆنترۆڵی هەموو توانا و بریارەکانی حکوومەت بکات، قەبوڵی ئەوەش ناکەن سنوردار بکرێن و بریارەکان بەسەریاندا بسەپێنرێت، ئەمەش ئەو کێشەیەیە کە باڤڵ و یەکێتی ناتوانن بە ئاسانی بارزانی ناچار بکەن.

پارتیەکان ئەوە رادەگەیەنن کە بەم نزیکانە دانوستانەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، لە پەیوەند بە هێزە سیاسیە جیاجیاکانەوە دەست پێدەکەن، هەروەها دەڵێن هەوڵدەدەین زۆربەی لایەنە براوەکان بەشداربن لە حکومەتدا بۆ ئەوەی سەرکەوتن لە پێکهێنانی حکومەتێکی پتەو مسۆگەر بکەن و هیچ ئاستەنگیەک نەخەنە بەردەمی ئەم پرۆسەیە، گوایە لیژنەی دانوستانکار کە لەلایەن سەرکردایەتی پارتیەوە پێکهێنراوە، ئەرکی گفتوگۆ لەگەڵ لایەنەکان لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام پێشوەخت ئەوە ئاشکرایە کە زۆربەی لایەنەکانی تر رایان گەیاندووە بەشداری لەم حکومەتەدا ناکەن، ئەمەش گرێیەکی تر دەخاتە پێشچاو کە لە دانوسانەکانی نێوان تاڵەبانی و بارزانی بۆ پێکهێنانی حکومەت نەگەیشتونەتە ڕێکەوتنی کۆتایی و پێویستیان بە بەشداری و ملکەچی لایەنەکانی ترە.

هەڵبەتە ئەتوانین ئەوە بڵێین کێشەکان تەنها بەدەوری ئەوەدا ناسوڕێتەوە کە ئایا بارزانی و تاڵەبانی دەگەنە ڕێکەوتن لەسەر ئەنجامگیریەک یان نا؟ بەڵکو گۆرانکاری و نالەباری و ئاڵۆزی دۆخی سیاسی ناوچەکەو کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان لەم دەورانەدا، کەوتۆتە بەردەم ئەگەری چاوەڕوانی پێشهات و ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوو، وە ململانێی نێوان وولاتانی زلهێزی دنیا و وولاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی کە هەردوو لایەنی بارزانی و تاڵەبانی، لە تەواوی هەڵسوڕانی سیاسی و سی ساڵ زیاتری دەسەڵاتی سیاسیاندا،هیچ کات لە پرۆسەی دامەزراندنی حکومەتێکی یەکگرتو لە هەرێم نەبون و ئایندەی بەرژەوەندی سیاسیان هەمیشە بەستراوە بە پاشکۆبون بە بەرژەوەندی و نەخشەی سیاسی وولاتانی ترەوە.

ئێستاش پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێم ئاسان نابێت، بەڵکو پرۆسەکە لەرادەبەدەر ئاڵۆز دەردەکەوێت، لەوانەیە دانوستان ماوەیەکی زۆر درێژتری پێبچێت، بەتایبەتی کە هیچ لایەنێکیان زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێناوە، ئەمەش پێویستی بە پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەک هەیە کە جگە لەوەی دەبێت توانای بەدەستهێنانی زۆرینەی رەهای هەبێت لەناو پەرلەماندا، لەهەمانکاتدا پێویستە بتوانن خۆیان لە گەڵ ناکۆکیەکان و ئاڵوگۆڕەکان و نالەباری دۆخەکەدا بگونجێنن، بەڵام پێکهاتەی زۆنی زەردو زۆنی سەوز، وە دابەشبونیان بە پەیوەندی و بەرژەوەندی وولاتانی جیاوازەوە و لە پەیوەند بەبەغداوە، گەر حکومەتێکی ناچاریش پێک بهێنن، بەهیچ جۆرێک نەک ناتوانن نمونە و ئەزمونی حکومەتێکی باشترو جیاواز لە حکومەتەکانی پێشویان نیشان بدەن، بەڵکو نمونەی حکومەتێکی شێواوتر و پەرپوتتر و نابەرپرسیارتر، لە مێژووی حکومڕانیان لەبەرامبەر خەڵکدا دەخەنە بازارو مامەڵەی سیاسیەوە. کە نەک نایانەوێت وەڵام بە پێداویستی و دۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵک بدەنەوە، ئاییدەیەکی تاریکتر دەکەنە بێ ئاسۆیی و درێژەدان بە سەرگەردانی.

پێویستە خەڵکی کوردستان دوای سی ساڵ زیاتر لە ئەزمونی دەسەڵاتی میلیشیایی بارزانی و تاڵەبانی، کۆتایی یەکجارەکی بەو ئومێدانە بهێنن کە لە هەڵبژارنەکاندا پێیان دەفرۆشنەوە، رۆشنایی ئایندەی ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی کوردستان لە رێرەوی دەورو ئیرادە و دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا مانا پەیدا دەکات.

# لە پەراوێزی تاوانە خوێناویەکەی گوندی گرێزەدا!

دەشتی جەمال

ڕۆژی چوارشەمە ١٩ی ئازار لەگوندی گرێزەی شارەزوور، لە ڕوداوێکی دڵتەزێندا، گەنجێک بەناوی "بەشیر سالار" تەقە لە ئەندامانی خێزانەکەی دەکات و لەئاکامدا باوک و دایک و دوو خوشک و برایەکی دەکوژێت و دواتریش کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت. بەپێی هەواڵەکانی سۆشیال میدیا ناوبراوی کەسێکی سەر بە ڕەوتە ئیسلامیەکان بووە. بەڵام هەرزوو ئیسلامیەکان و بانگخوازە سەلەفیەکان کەوتنە پاساوهێنانەوە بۆ ئەو تاوانە درندانەیەو ڕایانگەیاند کە " بەشیر سالار و ئەندامانی خێزانەکەی شەهیدن، چونکە ئەو تاوانەکەی ئەنجام نەداوە، بەڵکو جنۆکە لەناو لەشیدا بووە هەستاوە بە تاوانەکە! هەندێکیشیان باسیان لەوە کرد کە" بکوژەکە نەخۆشی دەروونی هەبوە بۆیە ئەو تاوانەی ئەنجامداوە..".

پاساوهێنانەوەی ئەم مفتەخۆرانەی کە دینیان کردوە بەکارو کاسبی بۆخۆیان و لەسەر ڕەنجی تاکەکانی کۆمەڵگا سامان کۆدەکەنەوە و شوێنی خۆیان قایم دەکەن، بۆ هۆکاری ئەم تاوانە بۆئەوەیە کە خۆیان لە بەرپرسیارێتی یاسایی بدزنەوە و دامێنی خۆیان لەو تاوانانە پاک بکەنەوە، چونکە تا ئێستا بەدەیان گەنجی خێرلەخۆنەدیو لەسەردەستی ئەم جەنابانە مێشکیان بەخورافە و کۆنەپەرستی و ڕقوکینەی مەزهەبی و تیرۆریزمی ئاینی شۆراوەتەوەکە سەرەنجام چەندین ڕوداوی لەچەشنی ئەوەی گرێزە لێکەوتۆتەوە. ئەوەی وایکردوە ئەم گەنجانە ئەو جۆرە تاوانانە بکەن، ئاکامی هاندان و ئالودەکردنی فکری ئەوان بە تیرۆریزمی ئیسلامی لەلایەن ئەم بانگخوازانەوە. ئەوان ئەم گەنجانە پڕدەکن لە ڕقوکینە دژ بە مەدەنیەت و کرانەوەی



کۆمەڵگا بەناوی ئەوەی کە دژی بنەماکانی شەرعی و دینی ئیسلامن! ڕۆژانە تەحقیر بە ژنان و منالان و جوانیەکانی ژیان دەکەن و ژەهری کۆنەپەرستی بلاودەکەنەوە و فەزایەکی نائارامی و ترس دەخوڵقێنن، ئەگەر جڵەو نەکرێن دەبنە مایەی کارەساتی زیاتر و مەترسیدارتر بۆ کۆمەڵگا.

لەسەرێکی تریشەوە ئەو دەرفەتەی فەراهەم کراوە بۆ بانگخوازێک لە وڵاتی بەریتانیاوە ئەم کۆمەڵکوژیە پاساوبدات، بەداخەوە بەرهەمی سیاسەتێکە کە ئەم وڵاتە ئەوروپیانە بەرامبەر بە پەنابەران پەیرەوی لێدەکەن! ئەویش ڕیزبەندیکردنی پەنابەرانە بەناوی دین و نەتەوە و داتاشینی ناسنامەی درۆزنانەی کەلتووری بۆیان، تا دەست لە مەدەنیەت و دەستکەوتە مۆدێرن و ئینساندۆستیەکانی ئەم کۆمەڵگایانە گیرنەکەن و بەگۆشەگیری بیانهێڵنەوە! بەوجۆرە هەموو ئەو پەنابەرانەی لە وڵاتانی ئاسیاو ڕۆژهەڵاتەوە دێن بۆ ئەوروپا لەنیو گروپ و پێکهاتەی نەژادی و نەتەوەیی و ئاینیدا بهێڵنەوە و ڕێگەبگرن لە تێکەڵاوبوونیان لەناو کۆمەڵگا ئەوروپیەکان.

ئەم جیاکاری و دابەشکردنە وایکردوە کە هەر گرووپێک، "لیدەر کۆمینیتی" خۆی هەبێت و ئەمەش دەرفەتێکی ڕەخساندوە کە پیاوانی ئاینی لەچەشنی ئەم بانگخوازانە بەناوی هەموانەوە بدوێن و خۆیان بکەنە دەمڕاستی خەڵکی پەنابەر. ڕێگەشیان پێدراوە پارەیەکی بێشومار کۆبکەنەوە بەناوی دروستکردنی مزگەوتەوە و لەو ڕێگایەوە دەیان پەنابەر لەدەوری خۆیان سازبدەن و بە بۆچون و فکرو خورافەی کۆنەپەرستانە گۆشیان بکەن و لە کۆمەڵگا دایانبڕن.

وەکو لەڕاگەیاندنەکاندا باسی لێوە دەکرێت، ئەو گەنجە"بەشیر سالار" ماوەی چەند ساڵێک لە بەریتانیا ژیاوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو گروپ و ڕەوتە ئیسلامیانەوە. دوای وەرگرتنی مافی پەنابەری دووجار گەڕاوەتەوە بۆکوردستان بۆ سەردانی کەسوکاری، کە دواجار ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی ئەنجام داوە!

ئەگەر لایەنێکی بەرپرس لەم تاوانانە سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپا بێت کە پەنابەران دەخەنە خانەی فەرهەنگی جیاوازەوە و ئەم دابەشبوون و جیاکاریە ڕاسیستیانە دەکەن بە بەری پەنابەراندا و زەمینەیەک بۆ بانگخواز و پیاوە ئاینیانە دەرەخسێنن تا کاریگەری خراپ لەسەر ئەو گەنجانە دابنێن، ئەوا لایەنێکی دیکەی بەرپرسی ئەم تاوانانە دەسەلاتدارانی کوردستانن. ئەوان دەرگای میدیا و مزگەوتەکانیان بۆ فەتوادەران و بانگخوازان و ڕەوتی سەلەفی خستۆتەسەر پشت تا بەم ڕۆژگارە دژی هەموو بەهاو پیوانەیەکی ئینسانی و مەدەنی و شارستانی هاتوهاوار بکەن، سوکایەتی بە ژنان و کەرامەتیان بکەن، تەحقیری هەرکەسێک بکەن کە پابەندی دین و خورافیات و نەریت و ڕێورەسمە بۆگەنەکانیان نەبێت، لەولاشەوە سەرکردە باڵاکانی یەکیتی و پارتی لەباوەشیان دەگرن و ستایشیان دەکەن و ئیمتیازیان دەدەنێ، چونکە لەهێشتنەوەی کۆنەپەرستی و دژایەتی هەرجۆرە بزوتنەوەو دەنگێکی پێشکەوتنخوازو مەدەنی و یەکسانیخواز نارازیدا بەرگری لەدەسەلاتی گەندەڵیان دەکەن.

★